لە بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# پوختەی
# كاتی پارشێو و بەربانگ كردن
## لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)

نووسین و ئامادەكردنی :


**مامۆستا : محمد عبد الرحمن لطيف**

وتارخوێنی مزگەوتی شێخ إبراهيم / كەلار



چاپی شەشەم ١٤٣٥ ك


---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی چاپی شەشەم

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار وا بۆ جاری شەشەم ئەم کتێبە ئامادە دەکەینەوە بۆ چاپ ، ئەمە لە پاش تێپەڕبوونی (١٠) ساڵ بەسەر چاپی یەکەمیدا ، وە لە ماوەی ئەو (١٠) ساڵەدا زیاتر لە (١٠) هەزار نوسخەی لێ چاپکراوە ، ئەمەیش بووە هۆی ئاشناکردنی زۆرێك لە موسڵمانانی کوردستان بە هەندێك زانیاری زۆر گرنگ سەبارەت بە هەردوو کاتی (پارشێو و بەربانگ کردن) و کاتی شەرعی و دروستی (نوێژی بەیانیان) لە ڕوانگەی ئایەتێکی قورئانی و چەندین فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەرەوە (ﷺ) لەگەڵ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و فەتوای زانایانی ئەهلی سوننەی پێشتر و ئەم سەردەمەیش ، وە بەڕاستی ئەم کتێبە بوو بە هۆی بێدارکردنەوە و وشیارکردنەوەی زۆرێك لە کەسانی پەیوەندیدار بە بڕیاردان لە سەر کاتی بانگدان و ڕێنماییدان سەبارەت بە کاتی (پارشێو و بەربانگ کردن) و کاتی شەرعی و دروستی (نوێژی بەیانیان)یش و دەنگۆیەکی هێنایە ئاراوە بۆ چاوپێداخشانەوە و بەدواداچوون لەم بوارەدا .

بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا لێرە و لەوێ دەبینین و دەبیسین کەوا ڕێژەیەکی باش لە موسڵمانان بە گشتی و هەندێکیش لە مامۆستایانی ئاینی و قوتابیانی زانستە شەرعیەکان بە تایبەتی کەوتوونەتە خەمی ئەم بابەتە و بە شێوازێکی کردەیی و مەیدانی خۆیان بۆ خۆیان چاودێری بینینی دەرکەوتنی فەجر و خۆرئاوابوون دەکەن و بەڵکو هەندێکیشیان بە ڤیدیۆ تەصویری دەکەن و موسڵمانانی پێ ئاگادار دەکەنەوە .

هەروەها ئەم کتێبە ـ لە پاش فەزڵی خوای گەورە ـ بوو بە هۆی ئاشناکردنی زۆرێك لە موسڵمانانی کوردستان بە چەند سوننەتێکی پشت تێکراو و هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەیان سەبارەت بە (پارشێو و بەربانگ کردن) و چۆنێتی زانینی کاتی هەردووکیان .

هەموو ئەمانەیش جێی دڵخۆشی ئێمەیە و پاڵنەرێکیشە بۆمان بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە و چەندین بابەتی تری هاوشێوەی ئەمە کە داواکارین خوای گەورە بیانکاتە گەنجینە و زەخیرە و توێشوویەك بۆ قەبر و قیامەتمان .

وە ئومێدەواریشین کە خوێنەرانی ڕێزدار بە بێ دڵەڕاوکێ و بە بێ گوێدان بە وەسوەسەی شەیتان و ڕەخنە و ورتەورتی کەسانی دەمارگیر و نەزان و ناحاڵی هەوڵ بدەن بۆ کردەوە پێ کردن و پەیڕەوکردنی ئەم ڕاستیانە و ڕاگەیاندنی بە موسڵمانانی تر .

**کەلار / مزگەوتی شێخ إبراهیم**

**١٣ / رجب / ١٤٣٥ ك**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی :

إنَّ الحَمْدَ للهِ ، نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ، أَرْسَلَهُ اللهُ تَعَالَى بِالهُدَى وَدِيْنِ الحَقّ ، فَبَلَّغَ الرِّسَالَةَ ، وَأَدَّى الأَمَانَةَ ، وَنَصَحَ الأُمَّةَ ، وَجَاهَدَ فِي اللهِ حَقَّ جِهَادِهِ ، فَصَلَوَاتُ اللهِ وَسَلامُهُ عَلَيْهِ ، وعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ ، وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحْسَانٍ إِلَى يَوْمِ الدِّيْنِ .. أَمَّا بَعْدُ :

ئێمەی موسڵمان خۆمان بە شوێن کەوتەی ڕاستەقینەی پێغەمبەرە نازدارەکەمان (ﷺ) دەزانین بۆیە دەبێت پارشێو و بەربانگ کردنمان لە سەر سوننەتی پێغەمبەر بێت (ﷺ) چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْأَخِرَ ﴿٢١﴾﴾ [سورة الأحزاب] .

وە پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهْوَ رَدٌّ))[1] .

واتە : هەرکەسێك هەر کردەوەیەك بکات فەرمانی ئێمەی لە سەر نەبێت ئەوا ڕەت دەکرێتەوە و لێی وەرناگیرێت .

خوای گەورە سەرەتا و کۆتایی کاتی ڕۆژوو گرتنی بۆ موسڵمانان ڕوون کردووەتەوە وەك لە قورئاندا فەرموویەتی : ﴿وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ ﴿١٨٧﴾﴾ [سورة البقرة] .

---

[1] صحيح مسلم رقم : (١٧١٨) .

واتــە : بخــۆن و بخۆنــەوە تــا سپیایــی ڕۆژتــان بــۆ ڕوون دەبێتــەوە لــە تــاریکی شــەو لــە بەرەبەیاندا ، ئەنجا ڕۆژووەکەتان بە تەواوی بگرن تا شــەو (واتــە: تــا کــاتی خــۆر ئــاوا بــوون کــە سەرەتای دەست پێکردنی شەوە).

وە پێغەمبەری خواش (ﷺ) ئــەم ئایەتــەی زۆر بــە جــوانی بــە فــەرموودە شــیرینەکانی بــە گوفتار و بە کرداریش ڕوون کردووەتەوە بۆ موسـڵمانان ، چـونکە فـەرموودەکانی پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) ڕوون کــەرەوە و تەفســیرن بــۆ ئایەتــەکانی قورئــانی پــیرۆز وەك خــوای گــەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ **لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ** مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ﴿٤٤﴾﴾ [النحل] .

واتە : ئێمە قورئانمان بۆ تــۆ دابەزانــدووە بــۆ ئــەوەی تــۆیش بــۆ خــەڵکی ڕوون بکەیتــەوە ئەوەی کە بۆیان دابەزێنراوە .

بۆیە ئێمەش هەوڵ دەدەین ئەم بابەتە بۆ موسڵمانان ڕوون بکەینەوە بۆ ئــەوەی لــە ســەر ســوننەتی پێغەمبــەری خــوا بــن (ﷺ) نــەك بــە پــێی داب و نــەریت و هــەواوئارەزووی نــەزان و لاڕێبووەکان پارشێو و بەربانگ بکەن ! ! !

## كاتی پارشێو (وقت السحور)

موسڵمان ئەگەر ویستی ڕۆژوو بگرێت ئەوا دەتوانێت تا كاتی دەركەوتن و ڕوون بوونەوەی فەجر پارشێو بكات ، جا لێرەدا پێویستە موسڵمانان بزانن دەركەوتنی فەجر (طلوع الفجر) چۆنە ؟ وە چەند جۆرە فەجر هەیە ؟ وە بە چ شێوازێك ئەمەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە ؟

*** فەجر دوو جۆرە :**

یەكێك لەو حوكمانەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە باشترین شێوە بۆ هاوەڵانی و بۆ موسڵمانانی ڕوون كردووەتەوە ئەوەیە كە فەجر دوو جۆرە :

**١ ـ (الفجر الكاذب) واتە : فەجری درۆزن یان درۆزنە فەجر :**

دەركەوتنی ئەم جۆرەیان كردنی نوێژی بەیانی حەڵاڵ ناكات ، واتە : دروست نییە نوێژی فەرزی بەیانی و تەنانەت دوو ڕكاتە سوننەتەكەی پێش نوێژی بەیانیش لە كاتی دەركەوتنیدا بكرێت ، بەڵكو دەبێت نوێژ كردنی بەیانی (بە فەرز و سوننەتەكەشێوە) دوا بخرێت تا كاتی دەركەوتنی جۆری دووەمی فەجر .

وە دەركەوتنی ئەم جۆرەیان خواردنیش لەسەر ڕۆژووان حەرام و قەدەغە ناكات ، واتە : ئەو كەسەی كە نیەتی ڕۆژوو گرتنی هەیە بۆی ڕەوایە و دروستە خواردن و خواردنەوە بخوات و بخواتەوە با ئەم جۆرە فەجرەش دەركەوتبێ تاوەكو جۆری دووەمی فەجر دەردەكەوێت ئەو كاتە خۆی دەگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە .

**٢ ـ (الفجر الصادق) واتە : فەجری ڕاستگۆ یان فەجری ڕاستەقینە :**

ئەم جۆرەی فەجر خواردن و خواردنەوە و جووت بوون لە سەر ڕۆژووان حەرام و قەدەغە دەکات ، وە نوێژی بەیانیش (بە فەرز و سوننەتەکەشیێوە) حەلاڵ دەکات (واتە : بە دەرکەوتنی کاتی نوێژ دێت).

**بەڵـگە لە سەر ئەمە :**

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((الْفَجْرُ فَجْرَانِ : فَأَمَّا الأَوَّلُ فَإِنَّهُ لاَ يُحَرِّمُ الطَّعَامَ وَلاَ يُحِلُّ الصَّلاَةِ ، وَأَمَّا الثَّانِي فَإِنَّهُ يُحَرِّمُ الطَّعَامَ وَيُحِلُّ الصَّلاَةَ))[٢].

واتە : فەجر دوو جۆرە : جۆری یەکەم : خـواردن حـەرام و قەدەغـە ناکـات لـە ڕۆژووان و کردنی نوێژیش حەلاڵ ناکـات ، بـەڵام جـۆری دووەم : خـواردن حـەرام و قەدەغـە دەکـات لـە ڕۆژووان و نوێژیش حەلاڵ دەکات .

## جیاوازی نێوان هەردوو جۆرەکەی فەجر

## ( الفرقُ بين الفجر الكاذب والفجر الصادق )

١ ـ **فەجری درۆزن :** بریتـیە لـە سـپیایـیـەکی لاکێشـەیی لـە بـەرەی ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرز دەبێتەوە بۆ ماوەیەکی کەم و پاشان نامێنێ .

٢ ـ **فەجری ڕاستگۆ :** بریتـیە لە سپیایی و سوراییەکی تیشـکدەر لەبـەرەی ڕۆژهەڵاتـەوە بەسەر دۆڵ و شاخەکاندا دەردەکەوێت پاشان زیاد دەکات و دەگاتە سەر ڕێگە و ناو ماڵان .

ئەم جۆرەی فەجر حوکمەکانی نوێژی بەیانیان و ڕۆژووی پێوە بەندە .

---

[٢] أخرجهُ ابن خزيمة : (٣ / ٢١٠) والحاكم : (١ / ١٩١ و ٤٩٥) والدارقطني : (٢ / ١٦٥) والبيهقي : (٤ / ٢٦١) وسندهُ صحيح ، وانظر : سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٦٩٣) .

**بەڵـگە لە سەر ئەمە :**

عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدَبٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لاَ يَغُرَّنَّكُمْ أَذَانُ بِلاَلٍ ، وَلاَ هَذَا الْبَيَاضُ – لِعَمُودِ الصُّبْحِ – حَتَّى يَسْتَطِيرَ هَكَذَا))[٣].

**واتە : بە ئاگا بن نەکەونە هەڵەوە واز لە پارشێو بێنن بە بانگەکەی بیلال (واتە بانگی یەکەمی بەیانیان) ، هەروەها بە سپیایی بەرەبەیان (واتە فەجری درۆزن) ـ کە بە درێژایی ئاسمان بەرز دەبێتەوە ـ تا وای لێدێت تیشك دەردەچێت و بڵاودەبێتەوە بە پانایی ئاسماندا (واتە تا کاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ) .**

وَعَنْ قَيْسِ بْنِ طَلْقٍ عَنْ أَبِيهِ (رضي الله عنه) : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((كُلُوا وَاشْرَبُوا وَلاَ يَهِيدَنَّكُمُ السَّاطِعُ الْمُصْعِدُ ، وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَعْتَرِضَ لَكُمُ الأَحْمَرُ))[٣].

---

[٣] صحيح مسلم رقم : (١٠٩٤) .

[٣] صحيح سنن الترمذي رقم : (٧٠٥) .

قال النووي في "المجموع" : (قال المصنف [أي الشيرازي صاحب المهذب] رحمه الله تعالى : **(ووقت الصبح إذا طلع الفجر الثاني، وهو الفجر الصادق الذي يحرم به الطعام والشراب على الصائم ...**

فرع : الفجر فجران :

أحدهما : يسمى الفجر الأول والفجر الكاذب .

والآخر : يسمى الفجر الثاني والفجر الصادق ...

**والأحكام كلها متعلقة بالفجر الثاني ، فبه يدخل وقت صلاة الصبح .. ويدخل في الصوم، ويحرم به الطعام** ولا يتعلق بالفجر الأول شيء من الأحكام بإجماع المسلمين .

واتـە : بخـۆن و بخۆنـەوە و بـە ئاگـا بـن نەکەونـە هەڵـەوە واز لـە پارشـێو بێـنن بـە ئـەو ڕووناکییەی کە بەرز دەبێتەوە ، وە بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سـورایی بەرەبـەیان دێتـە پـێش چاوتان .

## نوێژی بەیانیان لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ)

## دوو بانگی هەیە

**بانگی یەکەم :** لە کاتی دەرکەوتنی (درۆزنە فەجر)دا بانگدەر بانگی یەکەم دەدات لـە بـەر دوو مەبەست وەکو لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە :

١ ـ ((**لِيَرْجِعَ قَائِمَكُمْ**)) واتە : بۆ ئـەوەی ئەوانـەی کـە هەسـتاون بـۆ شـەونوێژ بگەڕێنـەوە ماڵەوە ، ئەمەش بۆ ئەوەی پشویەك بدەن یـان دەسـتنوێژەکەیان تازەبکەنـەوە یـان پارشـێو بکەن ئەگەر ویستیان هەبوو ڕۆژوو بگرن ... هتد .

٢ - ((**وَيُوقِظَ نَائِمَكُمْ**)) واتە : بۆ ئەوەی ئەوانەی کە خەوتوون بە خەبەر بێنەوە و لە خەو هەستن ، ئەمەش بۆ ئـەوەی پارشـێو بکـەن ئەگـەر ویسـتیان هـەبوو ڕۆژوو بگـرن یـان نوێـژی ویترەکەیان بکەن ئەگەر نـەیان کردبـوو یـان خۆیـان ئامـادە بکـەن بـۆ نوێـژی بـەیانی ، بۆیـە سوننەت وایە بانگدەر لەم بانگەدا بڵێت : (الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ ، الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ)[٤] واتە : نوێژ چاکترە لە خەو .

---

فرع : صلاة الصبح من صلوات النهار، وأول النهار طلوع الفجر الثاني ، **هذا مذهبنا** ، وبه قال العلماء كافة ...) أ.هـ ملخصاً "المجموع في شرح المهذب" للنووي : (٣ / ٤٥ ـ ٤٧) .

[٤] بڕوانە لاپەڕە : (١٣) .

وە ئەم بانگە : کردنی نوێژی بەیانی حەڵاڵ ناکات ، واتە : دروست نییە نوێژی فەرزی بەیانی و تەنانەت دوو ڕکاتە سوننەتەکەی پێش نوێژی بەیانیش لە دوای بانگی یەکەمەوە بکرێت ، بەڵکو دەبێت نوێژ کردنی بەیانی (بە فەرز و سوننەتەکەشێوە) دوا بخرێت تا بانگی دووەم دەدرێت دوای دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ .

هەروەها ئەم بانگە خواردنیش لە سەر ڕۆژووان حەرام و قەدەغە ناکات ، واتە : ئەو کەسەی کە نیەتی ڕۆژوو گرتنی هەیە بۆی ڕەوایە و دروستە خواردن و خواردنەوە بخوات و بخواتەوە با گوێی لە بانگی یەکەمیش بێت ، تاوەکو گوێی لە بانگی دووەم دەبێت ئەو کاتە خۆی دەگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە .

قال الإمام البخاري في (صحيحهِ) : **(بـاب الأذان قبـل الفجـر)** واتـە : **(بابـەتی بانگـدان پـێش فەجر)** :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((لاَ يَمْنَعَنَّ أَحَدَكُمْ ـ أَوْ أَحَدًا مِنْكُمْ ـ أَذَانُ بِلاَلٍ مِنْ سَحُورِهِ ، فَإِنَّهُ يُؤَذِّنُ ـ أَوْ يُنَادِي ـ بِلَيْلٍ ، لِيَرْجِعَ قَائِمَكُمْ وَلِيُنَبِّهَ نَائِمَكُمْ ...))[٥].

وفي (صحيح مسلم) عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لاَ يَمْنَعَنَّ أَحَدًا مِنْكُمْ أَذَانُ بِلاَلٍ ـ أَوْ قَالَ نِدَاءُ بِلاَلٍ ـ مِنْ سَحُورِهِ فَإِنَّهُ يُؤَذِّنُ ـ أَوْ قَالَ يُنَادِي ـ بِلَيْلٍ لِيَرْجِعَ قَائِمَكُمْ وَيُوقِظَ نَائِمَكُمْ ...))[٦].

---

[٥] صحيح البخاري رقم : (٦٢١) .

[٦] صحيح مسلم رقم : (١٠٩٣) .

واتە : با بانگەکەی بیلال ڕێگر نەبێت لە یەکێك لە ئێوە کەوا پارشێوەکەی بکات ، چونکە بیلال لە شەودا [واتە : پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ] بانگ دەدات ، بۆ ئەوەی ئەوانەتان کە بە خەبەرن بگەڕێنەوە ، و ئەوانەشتان کە خەوتون ووریا و بە ئاگا ببنەوە .

**بانگی دووەم :** لە کاتی دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ)دا بانگدەر بانگی دووەم دەدات بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی موسڵمانان لە هاتنی کاتی نوێژی بەیانی و قەدەغەکردنی خواردن و خواردنەوە لە ئەوانەی کە دەیانەوێت ڕۆژوو بگرن .

قال الإمام البخاري في (صحيحهِ) : **(بـاب الأذان بعـد الفجـر)** واتـە : **(بابـەتی بانگـدان دوای فەجر)** :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (رضي الله عنهما) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((إِنَّ بِلاَلاً يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُنَادِيَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ)) ، ثُمَّ قَالَ : (وَكَانَ رَجُلاً أَعْمَى لاَ يُنَادِي حَتَّى يُقَالَ لَهُ : أَصْبَحْتَ أَصْبَحْتَ)[٧].

واتە : بیلال لە شەودا بانگ دەدات ، جا ئێوە بخۆن و بخۆنەوە تا (ابن أم مكتوم) بانگی دووەم دەدات .

وە : (ابن أم مكتوم / بانگدەری دووەم) پیاوێکی نابینا و کوێر بوو بانگی نەدەدا تا پێی دەوترا : ڕۆژت لێ بوویەوە ڕۆژت لێ بوویەوە .

---

[٧] صحيح البخاري رقم : (٦١٧) .

قال النووي في ((المجموع)) : (قال أصحابنا : **السنة أنْ يؤذن للصبح مرتين** ، إحداهما قبل الفجر والأخرى عقب طلوعه لقوله (ﷺ) : ((إِنَّ بِلاَلاً يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُؤَذِّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ)) ، والأفضل أن يكون مؤذنان ، **يؤذن واحد قبل الفجر والآخر بعده** ...)[٨].

**واتە : شافعی مەزهەبەکان دەڵێن : سوننەت وایە بۆ بەیانیان دوو جار بانگ بدرێت ، یەکەمیان پێش فەجر و ئەوی تریشیان لە پاش دەرکەوتنی ، لەبەر فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : "بیلال لە شەودا بانگ دەدات ، جا ئێوە بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو (ابن أم مکتوم) بانگ دەدات" ، وە باشتر وایە دوو بانگدەر بن ، یەکێکیان لە پێش فەجر بانگ بدات و ئەوی تریشیان لە پاش دەرکەوتنی بانگ بدات ...**

[٨] المجموع شرح المهذب : (٣ / ٩٧) .

## وتنی (الصلاةُ خيرٌ من النوم) دوو جار

## لە بانگی یەکەمی بەیانیاندا دەوترێت

## نەك لە ناوەندی بانگی دووەمدا چونکە دەبێتە بیدعە

سوننەت وایە بانگدەر لە بانگی یەکەمی بەیانیاندا لە دوای وتنی (حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ ، حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ) دوو جار بلێت : (الصلاةُ خيرٌ من النوم) ، ئەمەش تەنها لە بانگی یەکەمدا دەووترێت و بەس ، لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەی کە بانگدەرەکانی ئێستا ئەنجامی دەدەن پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستە (ﷺ).

**بەڵگە و (دەلیل) لە سەر ئەمە :**

١ ـ عَنْ أَبِي مَحْذُورَةَ (رضي الله عنه) : أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) عَلَّمَهُ الْأَذَانَ فَقَالَ لَهُ في حديث طويل : ((... وَإِذَا أَذَّنْتَ **بِالأَوَّلِ** مِنَ الصُّبْحِ فَقُلْ : الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ ...))[٩].

واتە : ئەگەر بانگی **یەکەمی** بەیانیت دا ئەوا بڵێ : (الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) .

قال الإمام الألباني : (وعلى هذا ليس " الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ " من ألفاظ الأذان المشروع للدعاء إلى الصلاة والإخبار بدخول وقتها بل هو من الألفاظ التي شرعت لإيقاظ النائم ، **فهو كألفاظ التسبيح الأخير الذي**

**اعتاده الناس في هذه الأعصار المتأخرة عوضا عن الأذان الأول**)[١٠].

---

[٩] أخرجهُ الطحاوي : (١ / ٨٢) .

[١٠] تمام المنة في التعليق على فقه السنة ص : (١٤٦ ـ ١٤٧) .

واته : " الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ " بەشێك نییە لە وتەكانی ئەو بانگەی كە دانراوە بۆ بانگ كردنی خەڵكی بۆ نوێژ و هەواڵدان بە چوونە نێو كاتەكەیەوە بەڵكو لەو وتانەیە كە دانراوە بۆ بەخەبەرهێنانەوەی كەسانی خەوتوو ، كەواتە " الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ " وەكو وتەكانی (سڵاى ئەم دوایانەیە) كە خەڵكی لەم سەردەمانەی دواییدا لەسەری ڕاهاتوون لە جیاتی بانگی یەكەم.

*** زانایانی پێشین و ئێستایش فەرموویانە : بانگی بەیانیان پێشخراوە :**

قال قتادة . وهو من التابعين . : (لا يمنعكم أذانُ مؤذنٍ مُراءٍ أو قليل العقل من سحوركم فإنَّهم يؤذنون بهجيع من الليل طويل)[١١].

واته : با بانگدانی بانگدەرێكی ریاباز یان بانگدەرێكی كەم عەقڵ نەبێتە ڕێگر لە پارشێو كردنتان چونكە ئەوانە ماوەیەكی درێژخایەن لە شەودا بانگدەدەن .

وقال الحافظ ابن حجر في (شرح صحيح البخاري) :

(تَنْبِيهٌ : **مِنْ الْبِدَعِ الْمُنْكَرَةِ** مَا أُحْدِثَ فِي هَذَا الزَّمَانِ مِنْ إِيقَاعِ الْأَذَانِ الثَّانِي قَبْلَ الْفَجْرِ بِنَحْوِ ثُلُثِ سَاعَةٍ فِي رَمَضَانَ ...)[١٢].

واته : **یەكێك لەو بیدعە خراپانەی** كە لەم سەردەمەدا* داهێنراوە: ئەنجامدانی بانگی دووەمی بەیانیانە پێش فەجر بە سێیەكی سەعاتێك [واته : (٢٠) بیست دەقیقە] لە ڕەمەزاندا ...

(١١) تفسير الطبري : (٢ / ٧١) .

(١٢) فتح الباري شرح صحيح البخاري : (٢٥٣ . ٢٥٤) .

وقال الألباني : (أن أذان الفجر في بعض البلاد العربية يُرفع قبل الفجر الصادق بزمن يتراوح بين **العشرين والثلاثين دقيقة** ، أي قبل الفجر الكاذب أيضاً ! وكثيراً ما سمعت إقامة صلاة الفجر من بعض المساجد مع طلوع الفجر الصادق ، **وهم يؤذنون قبلها بنحو نصف ساعة** ، وعلى ذلك فقد صلوا سنة الفجر قبل وقتها ، وقد يستعجلون بأداء الفريضة أيضاً قبل وقتها في شهر رمضان ، كما سمعته من إذاعة دمشق وأنا أتسحر رمضان الماضي (١٤٠٦) ، وفي ذلك تضييق على الناس بالتعجيل بالإمساك عن الطعام ، وتعرض لصلاة الفجر للبطلان ، وما ذلك إلا بسبب اعتمادهم على التوقيت الفلكي ، وإعراضهم عن الطريق الشرعي : ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ ، "وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَعْتَرِضَ لَكُمُ الأَحْمَرُ " ، وهذه ذكرى ، والذكرى تنفع المؤمنين)[١٣] ا.هـ .

**واتە : بانگی بەیانیان (أذان الفجر) لە هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەرزدەکرێتەوە پێش (فەجری ڕاستگۆ) بە کاتێك کە دێت و دەڕوات لە نێوان (٢٠) بیست تاوەکو (٣٠) سی دەقیقەدا ، واتە پێش (درۆزنە فەجریش) بە هەمان شێوە ! وە زۆر جارێك من گوێم لە قامەت بووە بۆ نوێژی فەجر لە هەندێك لە مزگەوتەکانەوە لەگەڵ دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ)دا ، لە کاتێکدا کە بە نیو سەعات (٣٠ / د) پێش ئەوە بانگیان داوە ، وە بە پێی ئەمە سوننەتی فەجریان پێش هاتنی کاتەکەی کردووە ، وە زۆر جارێك پەلەش دەکەن لە جێبەجێکردنی نوێژە فەرزەکەشدا بە هەمان شێوە پێش هاتنی کاتەکەی لە مانگی ڕەمەزاندا ، وەکو خۆم بیستومە لە (إذاعة دمشق)ەوە لە کاتێکدا کە پارشێوم دەکرد لە ڕەمەزانی ڕابردوودا (١٤٠٦) ، وە ئەمەش تەنگ پێهەڵچنینی تێدایە لە سەر خەڵك بە پەلە کردن لە خۆگرتنەوە لە خواردن**

---

* ئەمە لە سەردەمی (ابن حجر)دا بووە کە لە ساڵی (٧٧٣)ی کۆچی لە دایك بووە و لە ساڵی (٨٥٢)یش مردووە ڕەحمەتی خوای لێبێت .

[١٣] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٥ / ٥١ ـ ٥٢) .

، وە **نوێژی فەجریش دەخاتە بەر بەتاڵبوونەوە** ، وە ئەمەش بە هیچ هۆیەکەوە نییە ئیللا بە هۆی پشت بەستنەوە نەبێت لە سەر (کاتژمێری فەلەکی) و پشت هەڵکردن لە ڕێگا شەرعییەکە : ﴿بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سپیایی ڕۆژتان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە تاریکی شەو لە بەرەبەیاندا﴾، ((وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَعْتَرِضَ لَكُمُ الأَحْمَرُ)) [واتە: بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سووراییی بەرەبەیان دێتە ڕێتان] .

وقال رحمهُ الله في فقه حديث : ((الفجر فجران ...)) :

(قلتُ : ومن تراجم البيهقي لهذا الحديث قوله : (**باب إعادة صلاة من افتتحها قبل طلوع الفجر الآخر**) .

وفيه تنبيهٌ هام إلى وجوب أداء الصلاة بعد طلوع الفجر الصادق ، وهذا ما أخل بِهِ المؤذنون في كثير من العواصم ـ منها عمان ـ فإنَّ الأذان الموحد فيها يُرفع **قبل الفجر** بنحو **نصف ساعة** بناءً على التوقيت الفلكي ، وهو خطأ ثابت بالمشاهدة !

وكذلك في كثير من البلاد الأخرى كدمشق والجزائر والمغرب والكويت والمدينة والطائف ، والله المستعان)[١٤].

واتە : دەڵێم : لە سەرباس و پێناسەکانی (البيهقي)دا بۆ ئەم فەرموودەیە ووتەکەیەتی : (بابەتی دووبارەکردنەوەی نوێژی ئەو کەسەی کە پێش دەرکەوتنی فەجری دووەم دەستی پێدەکات) ، ئەمە بیرخستنەوەیەکی گرنگی تێدایە بۆ واجبێتی ئەنجامدانی نوێژی بەیانیان دوای دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ) ، وە ئەمەش ئەوەیە کە پشت گوێ خراوە لە لایەن بانگدەرەکانەوە لە زۆربەی پایتەختەکاندا ـ وەك عەمان ـ چوونکە بانگی یەکگرتو (الأذان

[١٤] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٢ / ٣٠٨ ـ ٣٠٩) .

الموحد) تێیدا بەرز دەکرێتەوە پێش فەجر بە نزیکەی نیو سەعات (٣٠ / د) بە پشت بەستن بە (کاتژمێری فەلەکی) ، وە ئەمەش هەڵەیەکی سەلمێنراوە بە بینین !

هەروەها بە هەمان شێوە لە زۆربەی وڵاتانی تردا وەکو (دمشق والجزائر والمغرب والكويت والمدينة والطائف) ، خواش یارمەتیدەرە !

کەواتە نابێت موسڵمانان : بە بیستنی ئەو بانگەی کە ئێستا دەدرێت بۆ نوێژی بەیانیان نوێژی بەیانیان بکەن بە سوننەت و فەرزەوە ، بەڵکو دەبێت چاوەڕێ بکەن تاوەکو فەجری ڕاستگۆ دەردەکەوێت ئەنجا نوێژ بکەن ، ئەگینا نوێژ کردن پێش دەرکەوتنی فەجر ئەگەر چی بانگیشدرابێت بەتاڵە و نادروستە !!!

# سوننەت وایە پارشێو دوا بخرێت

# بۆ نێوان بانگی یەکەم و بانگی دووەم

سوننەت وایە پارشێو کردن دوا بخرێت بۆ پێش دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ) واتە بۆ پێش (بانگی دووەم) بە ماوەیەکی کەم ، ئەم سوننەتەش ـ واتە دوا خستنی پارشێو ـ لە فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) زۆر ئاشکرا و ڕوونە :

١ ـ ((بَكِّرُوا بِالإِفْطَارِ ، وَأَخِّرُوا السُّحُورَ))[١٥].

واتە : زوو بەربانگ بکەن و پارشێو دوا بخەن .

عن عمرو بن ميمون الأودي قال : (كَانَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) أَسْرَعَ النَّاسِ إِفْطَارًا وَأَبْطَأَهُمْ سُحُورًا)[١٦].

واتە : صەحابەکانی محمد (ﷺ) لە هەموو خەڵك زووتر بەربانگیان دەکرد و پارشێویان دوادەخست .

وقال الحافظ : (وَفِيهِ حُجَّةٌ لِمَنْ ذَهَبَ إِلَى أَنَّ الْوَقْتَ الَّذِي يَقَعُ فِيهِ الْأَذَانُ قَبْلَ الْفَجْرِ هُوَ وَقْتُ السُّحُورِ ، وَهُوَ أَحَدُ الْأَوْجُه فِي الْمَذْهَب [الشافعي] وَاخْتَارَهُ السُّبْكِيُّ فِي شَرْحِ الْمِنْهَاج وَحَكَى تَصْحِيحه عَنْ الْقَاضِي حُسَيْن وَالْمُتَوَلِّي وَقَطَعَ بِهِ الْبَغَوِيُّ ، وَكَلَام اِبْن دَقِيق الْعِيد يُشْعِرُ بِهِ ... فَبَيَّنَ (ﷺ) أَنَّ ذَلِكَ لَا يَمْنَع الْأَكْلَ وَالشُّرْب **بَلْ الَّذِي يَمْنَعهُ طُلُوعُ الْفَجْرِ الصَّادِق** ، قَالَ : وَهَذَا يَدُلّ عَلَى

---

[١٥] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٧٧٣) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٨٣٥).

[١٦] رواه عبد الرزاق وغيره بإسناد صحيح قالهُ الحافظ في ((فتح الباري)) : (٤ / ٢٥٣).

تَقَارُبِ وَقْت أَذَان بِلَال مِنْ الْفَجْر اِنْتَهَى ، وَيُقَوِّيه أَيْضاً مَا تَقَدَّمَ مِنْ أَنَّ الْحِكْمَةَ فِي مَشْرُوعِيَّتِهِ [أي الأذان الأول] : التَّأَهُّبُ لِإِدْرَاكِ الصُّبْحِ فِي أَوَّلِ وَقْتهَا)[١٧].

**وە صەحابە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم فەرموودانە و پەیڕەو کردنی ئەم سوننەتەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە پارشێویان دوا دەخست تا وای لێدەهات زۆر پەلەیان دەکرد لە خواردنی پارشێوەکەیاندا بۆ ئەوەی بگەن بە نوێژی جەماعەتی بەیانیان لە گەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) :**

**بەڵگە و دەلیل لە سەر ئەمە :**

عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كُنْتُ أَتَسَحَّرُ فِي أَهْلِي ، ثُمَّ تَكُونُ سُرْعَتِي أَنْ أُدْرِكَ السُّجُودَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ))[١٨].

**واتە : من لەماڵەوە پارشێوم دەکرد لە ناو خێزانەکەمدا ، ئەنجا پەلەم دەکرد بۆ ئەوەی بگەم بە نوێژی جەماعەت لە گەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) .**

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "بَابٌ تَعْجِيلُ السُّحُورِ" : أَيْ الْإِسْرَاعُ بِالْأَكْلِ إِشَارَةً إِلَى أَنَّ السُّحُورَ كَانَ يَقَعُ قُرْبَ طُلُوعِ الْفَجْرِ ...

وَإِنَّمَا سَمَّاهُ الْبُخَارِيُّ تَعْجِيلاً إِشَارَةً مِنْهُ إِلَى أَنَّ الصَّحَابِيَّ كَانَ يُسَابِقُ بِسُحُورِهِ الْفَجْرَ عِنْدَ خَوْفِ طُلُوعِهِ وَخَوْفِ فَوَاتِ الصَّلَاةِ بِمِقْدَارِ ذَهَابِهِ إِلَى الْمَسْجِدِ ... قَالَ عِيَاضٌ : مُرَادُ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ أَنَّ غَايَةَ إِسْرَاعِهِ

---

[١٧] فتح الباري : (٢ / ١٣٧) .

[١٨] صحيح البخاري رقم : (١٩٢٠) .

أَنَّ سُحُورَهُ لِقُرْبِهِ مِنْ طُلُوعِ الْفَجْرِ كَانَ بِحَيْثُ لَا يَكَادُ أَنْ يُدْرِكَ صَلَاةَ الصُّبْحِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَلِشِدَّةِ تَغْلِيسِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِالصُّبْحِ .

وَقَالَ ابْنُ الْمُنَيِّرِ فِي الْحَاشِيَةِ : الْمُرَادُ أَنَّهُمْ كَانُوا يُزَاحِمُونَ بِالسُّحُورِ الْفَجْرَ فَيَخْتَصِرُونَ فِيهِ وَيَسْتَعْجِلُونَ خَوْفَ الْفَوَاتِ)[١٩].

**سوودی ئەم فەرموودانە :**

**لەم فەرموودانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) پارشێو دوا دەخرێت ، و لە هیچ فەرموودەیەکیشدا نەیفەرمووە (با موسڵمانان خۆیان لە خواردن و خواردنەوە بگرنەوە بە ماوەیەك پێش دەرکەوتنی فەجر یان پێش بانگ ! ! !) .**

**بۆیە قەدەغە کردنی موسڵمانان لە خواردن و خواردنەوە بە ناوەی (ئیمساکەوە) بیدعەیە و پێچەوانەی سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .**

قال الحافظ ابن حجر في (شرح صحيح البخاري) : (تَنْبِيهٌ : **مِنْ الْبِدَعِ الْمُنْكَرَةِ** مَا أُحْدِثَ فِي هَذَا الزَّمَانِ مِنْ إِيقَاعِ الْأَذَانِ الثَّانِي قَبْلَ الْفَجْرِ بِنَحْوِ **ثُلُثِ سَاعَةٍ** فِي رَمَضَانَ ، وَإِطْفَاءِ الْمَصَابِيحِ الَّتِي جُعِلَتْ عَلَامَةً لِتَحْرِيمِ الْأَكْلِ وَالشُّرْبِ عَلَى مَنْ يُرِيدُ الصِّيَامَ زَعْماً مِمَّنْ أَحْدَثَهُ أَنَّهُ لِلِاحْتِيَاطِ فِي الْعِبَادَةِ وَلَا يَعْلَمُ بِذَلِكَ إِلَّا آحَادُ النَّاسِ ، وَقَدْ جَرَّهُمْ ذَلِكَ إِلَى أَنْ صَارُوا لَا يُؤَذِّنُونَ إِلَّا بَعْدَ الْغُرُوبِ بِدَرَجَةٍ لِتَمْكِينِ الْوَقْتِ زَعَمُوا ، **فَأَخَّرُوا الْفِطْرَ وَعَجَّلُوا السُّحُورَ وَخَالَفُوا السُّنَّةَ** ، فَلِذَلِكَ قَلَّ عَنْهُمْ الْخَيْرُ كَثِيرٌ فِيهِمْ الشَّرُّ ، وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ)[٢٠].

---

[١٩] فتح الباري : (٤ / ١٧٦ ـ ١٧٧) .

[٢٠] فتح الباري : (٤ / ٢٥٣ ـ ٢٥٤) .

واتە : بیرخستنەوەیەك : **یەكێك لەو بیدعە خراپانەی** كە لە سەردەمەدا داهێنراوە : ئەنجام دانی بانگی دووەمی بەیانیانە پێش فەجر بە سێیەكی سەعاتێك [واتە : (٢٠) بیست دەقیقە] لە ڕەمەزاندا ، هەروەها كوژاندنەوەی چراكان[٢١] كە كراونەتە بەڵگە بۆ قەدەغە كردنی خواردن و خواردنەوە لە سەر ئەو كەسەی كە دەیەوێت بە ڕۆژوو بێت ، بە گومانی ئەوانەی كە ئەم بیدعەیەیان داهێناوە كەوا ئەمە (خۆ پارێزی و ئیحتیاط) بوونی تێدایە لە عیبادەتدا ، وە كەس نازانێت ئەمە بیدعەیە ئیللا دانە دانەیەك لە خەڵك نەبێت ، وە ئەم كارە داهێنراوانە ڕایكێشاون بەرەو لای ئەوەی : كە بانگ نەدەن تا دوای خۆر ئاوا بوون بە ئەندازەیەك بۆ دڵنیابوون لە هاتنی كاتی بەربانگ بە تەواوی بە گومانی بۆگەنی خۆیان ، بۆیە بەمەش : **بەربانگیان دواخست و پەلەشیان كرد لە پارشێو كردندا و پێچەوانەی سوننەت بوونەوە** .

بۆیە دەبینیت چاكە و خێریان تێدا كەمە و خراپەیان تێدا زۆرە ...

### كورتەی ئەم بابەتانەی سەرەوە :

* فەجر دوو جۆرە :

١ ـ فەجری درۆزن یان درۆزنە فەجر (الفجر الكاذب) ، لە گەڵ دەركەوتنی ئەم جۆرەدا بانگی یەكەمی بەیانیان دەدرێت ، وە لەم بانگەدا بانگدەر دوای ووتنی (حَيَّ على الفلاح) سوننەت وایە دوو جار بڵێت : (الصلاةُ خَيرٌ من النوم) .

[٢١] ئەمە لە سەردەمی (ابن حجر)دا بووە كە لە ساڵی (٧٧٣)ی كۆچی لە دایكبووە و لە ساڵی (٨٥٢)یش مردووە ڕەحمەتی خوای لێبێت ، بەڵام ئێستا ئەم بیدعەیە لە وڵاتی خۆماندا نەماوە و ووتنی : (الإمساك ، الإمساك ...) یان ووتنی : (ڕەحمەتی خواتان لێبێت دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵبگرن) جێگای ئەم بیدعەیەی گرتووەتەوە !!!

وە دەرکەوتنی ئەم جۆرەی فەجر و بانگی یەکەمی بەیانیان خواردن و خواردنەوە لە سەر ڕۆژووان حەرام و قەدەغە ناکات ، وە بەڵگە و نیشانەش نیيە بۆ هاتنی کاتی نوێژی بەیانیان بە سوننەت و فەرزەوە ، بەڵکو سوننەت وایە پارشێو لە نێوان ئەم بانگە و بانگی دووەمدا بکرێت .

٢ ـ فەجری ڕاستگۆ (الفجر الصادق) ، لە گەڵ دەرکەوتنی ئەم جۆرەدا بانگی دووەمی بەیانیان دەدرێت ، وە لەم بانگەدا نابێت بانگدەر دوای ووتنی (حَيَّ على الفلاح) دوو جار بڵێت : (الصلاةُ خَيرٌ من النوم) ، چونکە دەبێت بە بیدعە .

وە دەرکەوتنی ئەم جۆرەی فەجر و بانگی دووەمی بەیانیان خواردن و خواردنەوە لە سەر ڕۆژووان حەرام و قەدەغە دەکات ، و بەڵگە و نیشانەشە بۆ هاتنی کاتی نوێژی بەیانیان بە سوننەت و فەرزەوە.

*** لە بەر لادانی بیدعەچییەکان لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم بیدعانەی خوارەوە داهێنراون :**

١ . قورئان خوێندن بە مەبەستی وریاکردنەوەی موسڵمانان و بە ئاگاهێنانەوەیان لە خەو بۆ پارشێو کردن لە ڕەمەزاندا .

٢ . نەمانی بانگی یەکەمی بەیانیان و گۆڕینەوەی بە بیدعەی :

٣ . زیکر و تەسبیحات ووتن چەند جارێك بەم شێوازە : (أستغفر الله ، سبحان الله ، الحمد لله ، لا إله إلاَّ الله ، الله أكبر ، لا حول ولا قوة إلاَّ بالله العظيم) .

٤ ـ وتنی بیدعەی : (الإمساك ، الإمساك يا أمة محمدٍ الإمساك) یان

دەڵێن : (ڕەحمەتی خواتان لێبێت دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵبگرن) ئەمەش زیاتر تایبەتە بە مانگی ڕەمەزانەوە ، بەمەش زۆرێك لە موسڵمانان مەحروم و قەدەغە دەكەن لە پارشێوكردن لە سەر سوننەت .

٥ ـ پێش خستنی بانگی دووەمی بەیانیان لە كاتی دەركەوتنی (فەجری ڕاستگۆ) ، بەڵكو بۆ پێش دەركەوتنی (درۆزنە فەجر)یش بە ئەندازەیەك ! ! !

ئەمەش بووەتە هۆی **بەتاڵ بوونەوەی نوێژی بەیانیانی زۆرینەی موسڵمانان بە سوننەت و فەرزیشەوە** چونكە لە كاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن .

لە ڕاستیدا خراپترین و ترسناكترین شوێنەوار و ئاكامی ئەم كارەی جاهیل و بیدعەچییەكان ئەوەیە نوێژی بەیانیانی زۆرینەی هەرە زۆری موسڵمانان لە كاتی خۆیدا ئەنجام نادرێت و ڕووبەڕووی بەتاڵبوونەوەی دەكەن بە سوننەت و فەرزەوە !

ئەمەش تەنها لەبەر لادانیانە لە پەیڕەوكردنی ئایەتی : ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ وە لەبەر لادانیانە لە جێبەجێكردنی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) كە فەرموویەتی : ((وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَعْتَرِضَ لَكُمُ الأَحْمَرُ)) .

وە پشت بەستن بەو (ڕۆژژمێر و تەقویم)انەی كە دانراون بۆ دیاری كردنی سەرەتای كاتی هاتنی نوێژەكان ـ كە هەندێكیان پێش چەندین ساڵ دانراوە ـ لە جیاتی پەیڕەو كردنی ئەو ئایەتە و جێبەجێكردنی ئەو فەرموودەیەی كە باسكران بووەتە هۆی ئەم لادانە لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەنجام نەدانی نوێژی بەیانیان لە كاتی خۆیدا .

بۆیە ئامۆژگاری بانگدەران دەكەین كەوا لە سەر سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بانگ بدەن دوای دەركەوتنی سپیایی و سورایی فەجر و گوێ بە لۆمەی لۆمە كاران نەدەن .

وە ئامۆژگاری موسڵمانانیش بە گشتی دەکەم کەوا نوێژی بەیانیان ئەنجام نەدەن تا کاتی دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ) بە دەرکەوتنی سپیایی و سورایی فەجر لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە ، بۆ ئەوەی نوێژەکانیان بەتاڵ نەبێتەوە ، چونکە بە دەرکەوتنی سپیایی و سورایی فەجر کاتی نوێژی بەیانیان دێت وەك لە ئایەتەکەی سورەتی (البقرة) و فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) ڕوون کراوەتەوە .

**هەروەها پێش خستنی بانگی دووەمی بەیانیان بووەتە هۆی بیدعەی :**

٦ - پێش خستنی پارشێو کردن .

# کاتی بەربانگ (وقت الإفطار)

## کاتی بەربانگ کردن بە چـی دێت ؟

زانایـان ڕەحمـەتی خوایـان لێبێـت لـە پێناسـەکردنی ڕۆژوودا فەرموویانـە: (**الصيام** : هو الإمساك والامتناع عن الأكل والشرب والجماع من طلوع الفجر الثاني إلى **غروب الشمس**) .

واتە : **ڕۆژووگرتن** : خۆگرتنەوەیە لە خواردن و خواردنەوە و جووت بوون لە گەڵ خێزاندا لە دەرکەوتنی فەجرەوە تا **خـۆر ئاوا بوون** .

کەواتە : کاتـی بەربانگ کردن بریتی‌یە لە خۆر ئاوا بوون ، وە بە دیارنەمانی بازنەی خـۆر لە ئاسمانی بەرەی ڕۆژئاواوە دەبێت ڕۆژووان ڕۆژووەکەی بشـکێنێت و بـەربانگ بکاتـەوە ، بـا سوورایی شەفەقیش هەر بە ئاسمانەوە مابێت .

**بەڵگە و دەلیل لە سەر ئەمە :**

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ ﴿١٨٧﴾﴾ [البقرة] .

واتە : ئەنجا ڕۆژوو تەواو بگرن تا شەو ، واتە : تا کاتی خۆر ئاوا بوون .

وە لە پێشەوە باسمان کـرد کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـەرەتای کـاتی ڕۆژوو گـرتن و بەربانگ کردنی بۆ صـەحابە و موسـڵمانان ڕوون کردووەتـەوە بـە فـەرموودە شـیرینەکانی بـە گوفتار و بە کردار .

چونکـە فەرموودەکانـی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) ڕوون کـەرەوە و

تەفسیرن بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ﴿٤٤﴾﴾ [سورة النحل] .

*** تەفسیری ئایەتی : ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ﴾ بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) :**

١ ـ عَنْ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِذَا أَقْبَلَ اللَّيْلُ وَأَدْبَرَ النَّهَارُ **وَغَابَتِ الشَّمْسُ** فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ))[٢٢].

**واتە : ئەگەر شەو لە بەرەی ڕۆژئاواوە ڕووی لێکردن و ڕۆژیش لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە پشتی لێ هەڵکردن و خۆر ئاوا بوو ، ئەوا ڕۆژووان دەچێتە ناو کاتی بەربانگەوە و با ڕۆژووەکەی بشکێنێت .**

٢ ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي أَوْفَى (رضي الله عنه) قَالَ : ((كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي سَفَرٍ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ فَلَمَّا **غَابَتِ الشَّمْسُ** قَالَ : يَا فُلَانُ انْزِلْ فَاجْدَحْ لَنَا ، قَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ عَلَيْكَ نَهَاراً ، قَالَ : انْزِلْ فَاجْدَحْ لَنَا ، قَالَ : فَنَزَلَ فَجَدَحَ فَأَتَاهُ بِهِ فَشَرِبَ النَّبِيُّ (ﷺ) ثُمَّ قَالَ بِيَدِهِ : **إِذَا غَابَتِ الشَّمْسُ** مِنْ هَا هُنَا وَجَاءَ اللَّيْلُ مِنْ هَا هُنَا فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ))[٢٣].

**واتە : ئێمە لە سەفەرێکدا لە مانگی ڕەمەزاندا لەگەڵ پێغەمبەردا بووین (ﷺ) ، جا کاتێ خۆرئاوابوو فەرمووی : ئەی فلان دابەزە ئاومان بدەرێ ، ئەویش وتی : ئەی پێغەمبەری خوا هێشتا ڕۆژت لە سەر ماوە ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : دابەزە ئاومان بدەرێ ، ئەویش دابەزی و ئاوی دا بە پێغەمبەر و پێغەمبەریش (ﷺ) خواردیەوە ، ئەنجا بە دەستی ئاماژەی**

---

[٢٢] صحيح البخاري رقم : (١٩٥٤) وصحيح مسلم رقم : (١١٠٠) .

[٢٣] صحيح البخاري رقم : (١٩٥٥) وصحيح مسلم رقم : (١١٠١) واللفظ له .

کرد بەرەو ڕۆژئاوا و فەرمووی : ئەگەر خۆر لێرەوە ئاوا بوو و دیار نەما و شەویش لێرەوە هات ئەوا ڕۆژوان دەچێتە ناو کاتی بەربانگەوە و با ڕۆژووەکەی بشکێنێت .

وفي رواية : ((سِرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهْوَ صَائِمٌ ، فَلَمَّا غَرَبَتِ الشَّمْسُ قَالَ : انْزِلْ فَاجْدَحْ لَنَا : قَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوْ أَمْسَيْتَ ، قَالَ : انْزِلْ فَاجْدَحْ لَنَا ، قَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ عَلَيْكَ نَهَاراً ، قَالَ : انْزِلْ فَاجْدَحْ لَنَا ، فَنَزَلَ فَجَدَحَ ، ثُمَّ قَالَ : إِذَا رَأَيْتُمُ اللَّيْلَ أَقْبَلَ مِنْ هَا هُنَا فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ ، وَأَشَارَ بِإِصْبَعِهِ قِبَلَ الْمَشْرِقِ))[٢٤].

*** بە دیارنەمانی بازنەی خۆر کاتی بەربانگ دێت :**

موسڵمانی بەڕێز ئەوە بزانە کەوا بە خۆر ئاوا بوون و دیار نەمانی بازنەی خۆر کاتی بەربانگ دێت و ڕۆژوان دەتوانێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت و بەربانگ بکات ئەگەر چی سوورایی شەفەقیش بە ئاسمانەوە بێت و بانگیشی نەدابێت .

**بەڵگە و دەلیل لە سەر ئەمە :**

ئەو فەرموودەیەی سەرەوەیە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گەڵ

خۆر ئاوابووندا داوای ئاوی کرد بۆ بەربانگ کردن ، لە گەڵ ئەوەشدا کە هێشتا ئاسمان زۆر ڕووناك بوو تا ئەو سنوورەی کە صەحابەیەك وتی : ئەی پێغەمبەری خوا هێشتا ڕۆژت لە سەرە و چاوەڕوان بکە تا شەو دێت ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر بەردەوام داوای ئاوی کرد تا ئەویش ئاوی پێداو بەربانگی کرد (ﷺ) .

وە دەبینین پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها بە دیار نەمانی بازنەی خۆر داوای ئاوی کرد بۆ بەربانگ و چاوەڕوانی بانگدانی نەکرد و نەیفەرموو بیلال هەڵسە بانگ بدە تا بەربانگ بکەین ،

---

[٢٤] صحيح البخاري رقم : (١٩٥٦) .

چونکە بانگدان ئاگادار کردنەوەیە بۆ هاتنی کاتی نوێژ و کۆبوونەوەی موسڵمانان بۆ نوێژی جەماعەت ، واتە **ئەگەر خۆرئاوابوو و بازنەی خۆر دیارنەما بە ئاسمانەوە ئەوا بەربانگ دەکرێت ئەگەر چی بانگیشی نەدابێت** ، وە ئەوەش بزانە ئەو هاوەڵەی کە لەم فەرموودەیەدا ئاویدا بە پێغەمبەر (ﷺ) بیلالی بانگدەر بوو (رضي الله عنه) .

واعلم أنَّ الإمام البخاري بوَّبَ للحديثين السابقين بقولهِ رحمهُ الله : (باب : مَتَى يَحِلُّ فِطْرُ الصَّائِمِ ، **وَأَفْطَرَ أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ حِينَ غَابَ قُرْصُ الشَّمْسِ**).

**واتە : (أبو سعيد الخدري رضي الله عنه) کە صەحابییەکی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) لە کاتی دیارنەمانی بازنەی خۆردا بەربانگی دەکرد .**

وقال الحافظ في شرحهِ : (قَوْلُهُ : "**وَأَفْطَرَ أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ حِينَ غَابَ قُرْصُ الشَّمْسِ**" ، وَصَلَهُ سَعِيد بْن مَنْصُور وَأَبُو بَكْر اِبْن أَبِي شَيْبَة مِنْ طَرِيق عَبْد الْوَاحِد بْن أَيْمَن عَنْ أَبِيهِ قَالَ : "دَخَلْنَا عَلَى أَبِي سَعِيد فَأَفْطَرَ وَنَحْنُ نَرَى أَنَّ الشَّمْس لَمْ تَغْرُبْ " ، وَوَجْه الدَّلَالَة مِنْهُ **أَنَّ أَبَا سَعِيد لَمَّا تَحَقَّقَ غُرُوبَ الشَّمْس لَمْ يَطْلُبْ مَزِيداً عَلَى ذَلِكَ وَلَا اِلْتَفَتَ إِلَى مُوَافَقَةِ مَنْ عِنْده عَلَى ذَلِكَ** ، فَلَوْ كَانَ يَجِبُ عِنْده إِمْسَاكُ جُزْءٍ مِنْ اللَّيْل لَاشْتَرَكَ الْجَمِيع فِي مَعْرِفَة ذَلِكَ ، وَاَللَّهُ أَعْلَمُ)[٢٥].

قال النووي : (مَعْنَى الْحَدِيث : أَنَّ رَسُول اللَّه (ﷺ) وَأَصْحَابه كَانُوا صِيَامًا ، وَكَانَ ذَلِكَ فِي شَهْر رَمَضَان ، كَمَا صَرَّحَ بِهِ فِي رِوَايَة يَحْيَى بْن يَحْيَى : "فَلَمَّا غَرَبَتْ الشَّمْس أَمَرَهُ النَّبِيّ ﷺ بِالْجَدْحِ لِيُفْطِرُوا" فَرَأَى الْمُخَاطَب آثَار الضِّيَاء وَالْحُمْرَة الَّتِي بَعْد غُرُوب الشَّمْس فَظَنَّ أَنَّ الْفِطْر لَا يَحِلُّ إِلَّا بَعْد ذَهَاب ذَلِكَ ، وَاحْتَمَلَ عِنْده أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَمْ يَرَهَا ، فَأَرَادَ تَذْكِيرهُ وَإِعْلَامهُ بِذَلِكَ ، وَيُؤَيِّد هَذَا قَوْله : " إِنَّ عَلَيْكَ نَهَاراً " لِتَوَهُّمِهِ أَنَّ ذَلِكَ الضَّوْء مِنْ النَّهَارِ الَّذِي يَجِبُ صَوْمهُ ، وَهُوَ مَعْنَى " لَوْ أَمْسَيْت " أَيْ

[٢٥] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (٤ / ٢٤٩ ـ ٢٥٠) .

تَأَخَّرَتْ حَتَّى يَدْخُل الْمَسَاءُ ، وَتَكْرِيرُهُ الْمُرَاجَعَة لِغَلَبَةِ اِعْتِقَاده عَلَى أَنَّ ذَلِكَ نَهَار يَحْرُم فِيهِ الْأَكْلُ ... وَفِي هَذَا الْحَدِيث : .. بَيَان اِنْقِضَاء الصَّوْم بِمُجَرَّدِ غُرُوب الشَّمْس وَاسْتِحْبَاب تَعْجِيل الْفِطْر)[٢٦].

وقال الحافظ : (وَفِي حَدِيثَيْ الْبَاب مِنْ الْفَوَائِد : بَيَانُ وَقْتِ الصَّوْم وَأَنَّ الْغُرُوب مَتَى تَحَقَّق كَفَى ، وَفِيهِ إِيمَاءٌ إِلَى الزَّجْرِ عَنْ مُتَابَعَةِ أَهْلِ الْكِتَاب فَإِنَّهُمْ يُؤَخِّرُونَ الْفِطْرَ عَنْ الْغُرُوب)[٢٧] .

*** پەلە کردن لە بەربانگدا جێبەجێ کردنی فەرمانی پێغەمبەرە (ﷺ) :**

**بەڵگە و دەلیل لە سەر ئەمە :**

١ . ((بَكِّرُوا بِالْإِفْطَارِ ...)) ، واتە : زوو بەربانگ بکەن ...

٢ . ((عَجِّلُوا الْإِفْطَارَ ...)) ، واتە : پەلە بکەن لە بەربانگ کردندا ...

*** پەلە کردن لە بەربانگدا هۆکارێکە بۆ مانەوە لە سەر چاکە :**

٤ . ((لاَ تَزَالُ أُمَّتِي بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الإِفْطَارَ وَأَخَّرُوا السُّحُورَ))[٢٨].

واتە : بەردەوام ئوممەتەکەم لە خێردا دەبێت تا ئەو کاتەی پەلە بکەن لە بەربانگ کردن و پارشێو کردن دوابخەن .

*** دواخستنی بەربانگ لە دوای خۆر ئاوا بوون پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ) :**

٧ . عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لا تَزَالُ أُمَّتِي عَلَى سُنَّتِي مَا لَمْ تَنْتَظِرْ بِفِطْرِهَا النُّجُومَ))[٢٩].

---

[٢٦] شرح صحيح مسلم : (٧ / ٢١١) . [٢٧] فتح الباري : (٤ / ٢٤٩ . ٢٥٢) .

[٢٨] مسند الإمام أحمد رقم : (٢١٩١٨) وهو حديث صحيح .

[٢٩] صحيح ابن خزيمة رقم : (٢٠٦١) وصحيح ابن حبان رقم : (٨٩١) وهو حديث صحيح .

واتە : بەردەوام ئوممەتەکەم لە سەر سوننەتی منن تا ئەو کاتەی بەربانگیان دوا نەخەن بۆ کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکان .

*** دواخستی بەربانگ لە دوای خۆر ئاوا بوون شوێن کەوتنە بۆ جوولەکە و گاور :**

٨ . عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((لاَ يَزَالُ الدِّينُ ظَاهِراً مَا عَجَّلَ النَّاسُ الْفِطْرَ ، لأَنَّ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى يُؤَخِّرُونَ))[٣٠].

بەردەوام ئاینی ئیسلام ئاشکرا و سەرکەوتووە تا ئەو کاتەی خەڵکی پەلە بکەن لە بەربانگ کردنیاندا ، چونکە جولەکە و گاورەکان بەربانگ دوا دەخەن .

*** سوننەتێکی مردوو لە کاتی بەربانگدا ڕەحمەتی خوا لەوەی زیندووی دەکاتەوە :**

یەکێك لە سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لەم سەردەمەدا پشتی لێ هەڵکراوە و مردووە و پێویستی بە زیندوو کردنەوە هەیە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ بە ڕۆژوو دەبوو فەرمانی بە یەکێك لە صەحابە دەکرد کە بچێتە سەر شتێکی بەرز و لە کاتی دیار نەمانی بازنەی خۆردا دەیفەرموو : خۆر ئاوا بوو ، پێغەمبەریش (ﷺ) ڕۆژووەکەی دەشکاند .

---

* **بیرخستنەوەیەك** : بە داخەوە دەبینین زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانان (ئەوانەی کە خۆیان بە ئەهلی سوننە دەزانن) لە بەربانگ کردندا پشتیان لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) کردووە و شوێن سوننەتی جولەکە و گاور کەوتوون !!!

قال الحافظ ابن حجر : (قَالَ اِبْن دَقِيق الْعِيد : فِي هَذَا الْحَدِيث رَدٌّ عَلَى الشِّيعَةِ فِي تَأْخِيرهمْ الْفِطْر إِلَى ظُهُور النُّجُوم ، وَلَعَلَّ هَذَا هُوَ السَّبَبُ فِي وُجُودِ الْخَيْرِ بِتَعْجِيلِ الْفِطْر لِأَنَّ الَّذِي يُؤَخِّرُهُ يَدْخُل فِي فِعْلِ خِلَاف السُّنَّةِ) [فتح الباري : (٤ / ٢٥٣)] .

[٣٠] صحيح سنن أبي داود رقم : (٢٣٥٣) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (١٩٩٥) .

عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا كَانَ صَائِمَاً أَمَرَ رَجُلاً فَأَوفَى عَلَى نَشَزٍ ، فَإِذَا قَالَ : قَدْ غَابَتِ الشَّمْسُ أَفْطَرَ))[٣١].

**واتە : پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر بە ڕۆژوو بووایە ، فەرمانی بە پیاوێك لە صەحابە دەكرد بچێتە سەر شتێكی بەرز ، جا ئەگەر بیوتایە : خۆر ئاوا بووە و بازنەی خۆر دیار نەما ، پێغەمبەر (ﷺ) بەربانگی دەكرد .**

بوَّبَ الإمام (ناصرُ السنَّة وقامعُ البدعة) الشيخ المُحدِّثُ العلامَّة محمد ناصر الدين الألباني رحمهُ الله لهذا الحديث بعنوانٍ ماتعٍ مؤحي إلى إحياء هذه السنة المهجورة . رَحِمَ اللهُ مَنْ أحياها . فقال : (**مُراقبةُ غُروب الشَّمْسِ لتَعجيل الإفطار**) ، ثُم ذكر الحديث وتخريجَهُ ثُمَّ قال : قولهُ : " نَشَزٍ " أي مُرتَعٍ من الأرض .

قلتُ : وفي الحديث اهتمامهُ (ﷺ) بالتعجيل بالافطار بعد أنْ يتأكد (ﷺ) من غُروب الشمس ، فيأمرُ مَنْ يعلو مكاناً مُرتفعاً ، فيُخبرهُ بغروب الشمس ليفطر (ﷺ) ، وما ذلك منهُ إلاَّ تَحقيقاً منهُ لقولهِ (ﷺ) : " لَا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ " وهو مُخرَّجٌ في ((الإرواء)) رقم : (٩١٧) .

وإنَّ من المؤسف حَقّاً أنّنا نرى الناس اليوم قد خالفوا هذه السنة ، **فإنَّ الكثيرين منهم يرونَ غُروب الشمس بأعينهم ومع ذلك لا يُفطرون حتَّى يسمعون أذانَ البلد** ، جاهلين :

أولاً : أنَّهُ لا يُؤَذّنُ فيهِ على رؤية الغروب ، وإنَّما على التوقيت الفلكي .

وثانياً : أنَّ البلد الواحد قد يَختلف فيه الغروب من موضع إلى لآخر بسبب الجبال والوديان، فرأينا ناساً لا يُفطرون وقد رأوا الغروب ! وآخرين يفطرون والشمسُ باديةٌ لَمْ تَغربْ ، لأنَّهم سمعوا الأذان ! والله المستعان)[٣٢] ا.هـ .

---

[٣١] صحيح ابن خزيمة رقم : (٢٠٦١) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٠٨١) .

واتە : لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت : کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند گرنگی داوە بە پەلە کردن لە بەربانگدا دوای ئەوەی کە دڵنیا دەبوو لە خۆر ئاوا بوون ، جا فەرمانی دەکرد بە کەسێك بچێتە سەر شوێنێکی بەرز ، بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە لە خۆر ئاوا بوون بۆ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بەربانگ بکات ، وە ئەمەش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) تەنها لە بەر جێبەجێکردنی ئەو ووتەیەی بووە کە فەرموویەتی : ((لَا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ)).

واتە : بەردەوام خەڵك لە خەیردایە تا ئەو کاتەی کە پەلە دەکەن لە بەربانگ کردنیاندا .

وە بە ڕاستی جێگەی داخە کە دەبینین ئەمڕۆ خەڵکی سەرپێچی ئەم سوننەتە دەکەن ، چونکە زۆرێك لەو خەڵکانە خۆر ئاوا بوون دەبینن بە چاوی خۆیان کە چی لە گەڵ ئەوەشدا بەربانگ ناکەنەوە تا گوێیان لە بانگی وولات دەبێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانە نەزانن بە دوو شت :

یەکەم : ئەو بانگەی کە دەدرێت بە پێی خۆرئاوابوون نییە ، بەڵکو بە پێی کاتژمێری فەلەکییە .

دووەم : یەك وولات بە گشتی خۆر ئاوا بوون تێیدا جیاوازە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بە هۆی شاخ و دۆڵەکانەوە ، بۆیە دەبینین خەڵکانێك بەربانگ ناکەن لە کاتێکدا کە بینیویانە خۆر ئاوا بووە ، وە خەڵکانێکی تر هەن بەربانگ دەکەن لە کاتێکدا کە خۆر هێشتا دیارە و ئاوا نەبووە ، لەبەر ئەوەی گوێیان لە بانگ نەبووە [ئەمەش بە نیسبەت ئەو کەسانەوەیە کە چاوەڕوانی بانگی پایتەختی وولات یان بانگی پارێزگا بە سەرتا سەری دەکەن] ، وە خواش یارمەتی دەرە .

---

(٣٢) سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٥ / ١١٨) .

بە هەر حاڵ سوننەت وایە لە گەڵ خۆرئاوابووندا و بە دیار نەمانی بازنەی خۆر بەربانگ بکرێت و هیچ پێویست ناکات چاوەڕوانی بانگدان بکرێت ، چونکە ئەو بانگەی کە ئێستا دەدرێت بە ئەندازەی (١٠) دەقیقە تا (١٥) دەقیقە(*) دوا دەخرێت لە خۆرئاوابوون بە تایبەت لە مانگی ڕەمەزاندا ، بە بیانووی دڵنیا بوون و (احتياط) کردن لە گرتنی ڕۆژوودا بە تەواوی ، بەمەش دەکەونە ناو پێچەوانەکردنی سوننەتی پیرۆز و تەواوی پێغەمبەرەوە (ﷺ) و ناشزانن کەوا (احتياط) وەرگرتن و خۆپارێزی کردن لە پەرستشەکاندا لەوە دایە کە شوێنکەوتەی سوننەتی پێغەمبەری خوا بێت (ﷺ) !!!

*** بەربانگ کردن پێش ئەنجامدانی نوێژی مەغریب سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ) :**

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُفْطِرُ عَلَى رُطَبَاتٍ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ رُطَبَاتٌ فَعَلَى تَمَرَاتٍ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ حَسَا حَسَوَاتٍ مِنْ مَاءٍ))[٣٣].

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەربانگی دەکرد بە چەند خورمایەکی تەڕ پێش ئەوەی نوێژ بکات ، جا ئەگەر خورمای تەڕ نەبوایە ئەوا بە چەند خورمایەکی ووشك بەربانگی دەکرد ، وە ئەگەر ئەویش نەبوایە ئەوا چەند قومێك ئاوی دەخواردەوە .

---

(*) تێبینی : ئەمە لەو سەردەمەدا وابوو کە چاپی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەم کتێبەی تێداکرا ، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە لە پاش بڵاوبوونەوەی نموونەی ئەم کتێبە و وشیاربوونەوەی زۆرێك لە موسڵمانان لەم بابەتەدا لەم ساڵانەی دوایدا گۆڕانکاری بەسەر ئەمەدا هاتووە و ئێستا بانگی مەغریب بە ئەندازەی (٧) دەقیقە تا (١٠) دەقیقە لە خۆرئاوابوون دوا دەخرێت بە تایبەت لە مانگی ڕەمەزاندا ، ئەمەیش جێگای دڵ خۆشی ئێمەیە و ئومێدەوارین ئەمەیش بە یەکجاری نەمێنێت و دەقاودەق لەگەڵ خۆرئاوابووندا لەسەر سوننەت بانگ بدرێت .

(٣٣) صحيح سنن الترمذي رقم : (٦٩٦) وصحيح سنن أبي داود رقم : (٢٣٥٦).

## سوودەكانی ئەم فەرموودانە بە كورتی :

١ ـ بە دیارنەمانی بازنەی خۆر كاتی بەربانگ دێت ، وە بوونی ڕووناكی و سوورایی لە بەرەی ڕۆژئاواوە نابێتە ڕێگر لە بەربانگ كردن ،

وە بانگ دانیش مەرج نیە بۆ بەربانگ كردن .

٢ ـ پەلە كردن لە بەربانگ كردندا سوننەتە و پێچەوانەشە بۆ جولەكە و گاور .

٣ ـ دواخستنی بەربانگ بیدعەیە و شوێن كەوتنە بۆ جولەكە و گاور و لادانە لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) .

٤ ـ سوننەتە كەسێك بچێتە سەر جێگایەكی بەرز و چاودێری خۆر ئاوا بوون بكات ، و لە گەڵ دیار نەمانی بازنەی خۆردا بە ئاسمانەوە خەڵكی دەوروبەری ئاگادار بكاتەوە لە خۆر ئاوا بوون بۆ ئەوەی زوو بەربانگ بكەن و بە پەلە ڕۆژووەكەیان بشكێنن لە سەر سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) .

٥ ـ سوننەتە بەربانگ بكەیت ئەنجا نوێژەكەت ئەنجام بدەیت .

٦ ـ سوننەتە بە چەند خورمایەكی تەڕ ئەگەر نەبوو بە چەند دەنكە خورمایەكی وشك ئەگەر نەبوو بە چەند قومێك ئاو بەربانگ بكەیتەوە و ئەنجا نوێژی مەغریب بكەیت .

ئیمامی (شافعی) فەرموویەتی : (أجمع المسلمون على أنَّ من استبان له سنة عن رسول الله ﷺ لمْ يحل لهُ أنْ يدعها لقول أحد) .

واتە : موسڵمانان یەك دەنگن لە سەر ئەوەی هەر كەسێك سوننەتێكی بۆ ڕوون بویەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ئەوا حەڵاڵ نیە بۆی وازی لێبێنێت لە بەر قسەی هیچ كەسێك .

**موسڵمانی بەڕێز :**

ئەم نووسراوەی سەرەوە بریتی بوو لە پوختەی کتێبێك بە ناونیشانی (**کاتی پارشێو و بەربانگ کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** ﷺ) ، جا بۆ زانیاری زیاتر و وردتر دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو کتێبە .

**ژمارە سپاردنی (٦٦١)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە**

* بە مەبەست ڕوونکردنەوەی زیاتر و بەهێزکردنی بابەتەکە وام بە باش زانی کەوا هەندێك زانیاری زیاتر بخەمە بەردەستی خوێنەران لە چەند پاشکۆیەکی زۆر گرنگدا کە بریتین لە :

١ ـ وەلامی ئەم پرسیارە : (**ئایا پارشێو و بەربانگ کردن پەیوەستە بە بانگدانەوە یان بە دەرکەوتنی فەجر و خۆرئاوا بوونەوە**) ؟

٢ ـ وەلامی شوبهەیەك و پرسیارێکی دروست کراو !!!

٣ ـ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە سەبارەت بە کاتی دەرکەوتنی (فەجری ڕاستەقینە) لە نووسینی شێخ (عبد المحسن العبيكان) بە عەرەبی .

# ئایا

# پارشێو و بەربانگ کردن

## پەیوەستە بە بانگدانەوە

## یان بە

## دەرکەوتنی فەجر و خۆرئاوا بوونەوە ؟

نووسین و ئامادەکردنی :

**محمد عبد الرحمن لطيف**

**وتارخوێنی مزگەوتی شێخ إبراهیم / کەلار**

**چاپی شەشەم**

١٤٣٥ ك

ba8.org

بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەمە پرسیارێکە کەوا ڕۆژانە لێرە و لەوێ لە لایەن موسڵمانانەوە ئاراستە دەکرێت و پێویستی بە وەڵامی زانایانی ڕاستەقینەی ئیسلام و ئەهلی سوننە هەیە ...

جا بۆیە ئێمەش بە ئەرکی سەرشانی خۆمانمان زانی کەوا فەتوای هەندێك لە (گەورە زانایانی ئەهلی سوننە) بخەینە بەردەستی خوێنەران بۆ ئەوەی خۆیان لە نزیکەوە ئاگادار بن لە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە کەوا پەیوەستە بە کۆتایی کاتی پارشێوکردن و هەروەها سەرەتای کاتی بەربانگ کردنەوە ، وە ئێمە تەنها پرسیار و وەڵامەکان وەردەگێڕین بۆ سەر زمانی کوردی و بەس ..

**پ ١ / پرسیارکراوە لە** (الشيخ صالح بن فوزان الفوزان ـ حفظه الله ـ)[1] :

يقول الرسول ﷺ : ((ما زالت أمتي بخير ما عجَّلوا الفُطُور وأخروا السُّحور)) الحديث ، وأنا أفطر على أول مؤذن في حَيِّنا ، وأمسك عن الأكل والشرب على آخر مؤذن يؤذن في حَيِّنا ، فهل أنا مُحقٌّ في ذلك وعلى صواب ؟

أفيدوني وجزاكم الله خيرا .. ؟

**واتە : پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت : (بەردەوام ئوممەتەکەم لە خێردایە تاوەکو بەربانگ زوو بکەن و پەلەی تێدا بکەن و پارشێویش دوا بخەن) ، وە من بەربانگ دەکەم لە گەڵ یەکەم بانگدەر لە گەڕەکەکەماندا ، وە خۆمیش دەگرمەوە لە خواردن و خواردنەوە بە پێی ئاخر**

[1] الفتاوى لابن فوزان ـ كتاب الدعوة : (١/١٥٢ـ١٥٣) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١/١٨٩) .

بانگدەر کەوا بانگ دەدات لە گەڕەکەکەماندا ، ئایا لەمەدا لە سەر حەق و ڕاستیم ، وەڵامم بدەنەوە .. خوا جەزای خێرتان بداتەوە .. ؟

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (تعجيل الإفطار إذا تحقق غروب الشمس وتأخير السحور إلى ما قبل أن يتحقق طلوع الفجر سُنَّة ، وأذان المؤذن لا يُعتمَدُ عليهِ في ذلك إلاَّ إذا تقيَّدَ بالتوقيت الصحيح لغروب الشمس وطلوع الفجر ، وإلاَّ فإنَّ الإعتمادَ عليهما لقوله ﷺ : ((إنَّ بِلاَلاً يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُنَادِيَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ)) ، وَكَانَ رَجُلاً أَعْمَى لاَ يُنَادِي حَتَّى يُقَالَ لَهُ : أَصْبَحْتَ أَصْبَحْتَ)[*] .

**واتە : پەلەکردن لە بەربانگ کردندا ئەگەر بە دڵنیایی خۆر ئاوا بووبێت و دواخستنی پارشێو بۆ پێش بەدیهاتنی دەرکەوتنی فەجر سوننەتە ، وە لەمەدا پشت نابەسرێت بە بانگدانی بانگدەر ئیللا مەگەر ئەو بانگدەرە پەیوەست بێت بە کاتی ڕاستەقینەوە بۆ خۆر ئاوا بوون و دەرکەوتنی فەجر ، ئەگینا پشت دەبەسرێت بە (خۆر ئاوا بوون و دەرکەوتنی فەجر)ەوە ، لە بەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : (بیلال لە شەودا بانگ دەدات ، جا ئێوە بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو (ابن أم مكتوم) بانگی دووەم دەدات ، وە بانگدەری دووەم (ابن أم مكتوم) پیاوێکی نابینا و کوێر بوو بانگی نەدەدا تا پێی دەوترا : ڕۆژت لێ بوویەوە ڕۆژت لێ بوویەوە) .**

**پ٢ / وە پرسیار کراوە لە** (الشيخ محمد بن صالح العثيمين ـ رحمه الله ـ)[(٢)] :

ما حكمُ الذين يتقدمون في الأذان في رمضان ؟

**واتە : ئایا حوکمی ئەو کەسانە چییە کە لە ڕەمەزاندا بانگدان پێش دەخەن ؟**

---

[*] صحيح البخاري رقم : (٦١٧) .

[(٢)] فتاوى الشيخ محمد بن صالح العثيمين : (١ / ٥٢٥ ـ ٥٢٦) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ١٩٦ ـ ١٩٧) .

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (الذين يتقدمون في الأذان في أيام الصَّوم يتسرَّعونَ في أذان الفجر يزعمون أنَّهم يحتاطونَ بذلك للصيام ، وهم في ذلك مُخطئون لسببين :

السبب الأول : أنَّ الاحتياطَ في العبادة هو لزوم ما جاء بِهِ الشرع والنبي ﷺ يقول :((كُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُؤَذِّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ ، فَإِنَّهُ لاَ يُؤَذِّنُ حَتَّى يَطْلُعَ الْفَجْرُ)) ما قال : حتى يقرُبَ طلوع الفجر !

إذاً فالاحتياط للمؤذنين : أنْ لا يؤذنوا حتى يطلع الفجر .

السبب الثاني : **قد أخطأ هؤلاء المؤذِّنون الذين يُؤَذِّنون للفجر قبل طلوع الفجر** وزعموا أنَّهم يحتاطون لأمرٍ احتياطهم فيهِ غيرُ صحيح ، **لكنَّهم يفرطون في أمرٍ يجبُ عليهم الاحتياط لهُ وهو صلاة الفجر** ، فإنَّهم إذا أذَّنوا قبل طلوع الفجر صلَّى النَّاسُ . وخصوصاً الذين لا يُصلون في المساجد من نِساءٍ أو مَعْذُورين عن الجماعة . صلاة الفجر ، وحينئذٍ يكون أداؤهم لصلاة الفجر قبل وقتها ، **وهذا خطأٌ عظيم !!**

لهذا أوجه النصيحة لإخواني المؤذِّنين : **أنْ لا يُؤذِّنوا إلاَّ إذا تبيَّنَ الصُّبح وظهر لهم** ، فإذا ظهر لهم سواء شاهدوا بأعينهم أو علموهُ بالحساب الدقيق فإنَّهم يؤذنون ...) .

**واتە : ئەو بانگدەرانەی کەوا بانگدان پێش دەخەن و لە ڕۆژانی بە ڕۆژوو بووندا پەلە دەکەن لە بانگی بەیانیاندا بە گومانی ئەوەی کەوا ئەوان بە ئەمە (ئیحتیاط) دەکەن بۆ ڕۆژووەکە ، ئەمانە لەمەدا هەڵەن لەبەر دوو هۆکار :**

**هۆکاری یەکەم: (ئیحتیاط) کردن لە عیبادەتدا بریتییە لە پەیوەست بوون بەوەوە کە لە شەرعدا هاتووە ، وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بخۆن و بخۆنەوە تا (ابن أم مكتوم) بانگ دەدات، چوونکە ئەو بانگ نادات تاوەکو فەجر دەرنەکەوێت) ، پێغەمبەر ﷺ نەیفەرمووە: تاوەکو دەرکەوتنی فەجر نزیك دەبێتەوە !**

کەواتە (ئیحتیاط و خۆپارێزی کردن) بۆ بانگدەرەکان لەوەدایە: کەوا بانگ نەدەن تاوەکو فەجر دەردەکەوێت .

**هۆکاری دووەم :** ئەو بانگدەرانەی کەوا پێش دەرکەوتنی فەجر بانگ دەدەن بۆ نوێژی بەیانیان بە دڵنیایی هەڵەیان کردووە، بەو بۆچوونەی کەوا ئەوان (ئیحتیاط و خۆپارێزی دەکەن) بۆ شتێك کەوا (ئیحتیاط و خۆپارێزی کردنیان) تێیدا ڕاست نییە، بەڵام ئەوانە کەمتەرخەمی دەکەن لە شتێکدا کەوا پێویستە لەسەریان (ئیحتیاط و خۆپارێزی) بۆ بکرێت کە بریتیە لە نوێژی بەیانیان (فەجر) ، چوونکە ئەوانە ئەگەر پێش دەرکەوتنی فەجر بانگ بدەن ئەوا خەڵکی بە تایبەتیش ئەوانەی کەوا لە مزگەوتەکاندا نوێژ ناکەن لە ئافرەتان و ئەوانەش کە عوزریان هەیە بۆ ئامادەنەبوونی نوێژی جەماعەت نوێژی بەیانی دەکەن، وە لەو کاتەشدا بەجێهێنانی (نوێژی بەیانییان) پێش کاتی خۆیەتی! **وە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە !**

بۆیە ئامۆژگاریم ڕووبەرووی برا بانگدەرەکانم دەکەمەوە کەوا بانگ نەدەن ئیللا مەگەر فەجر ڕوون بووبێتەوە و دەرکەوتبی بۆیان ، جا ئەگەر بەرەبەیان دەرکەوت بۆیان ـ چ بەوەی کە بە چاوی خۆیان ببینن یان بیزانن بە ژماردنێکی وورد و ڕاست ـ ئەو کاتە بانگ دەدەن.

**پ ٣ / وە پرسیار کراوە لە** (الشيخ محمد بن صالح العثيمين ـ رحمه الله ـ)[٣] :

بعض الأشخاص يأكلون والأذان الثاني يؤذن في الفجر لشهر رمضان ، فما هو صحة صومهم ؟

**واتە : هەندێك کەس هەن خواردن دەخۆن لە کاتی بانگدانی دووەمدا بۆ فەجر لە ڕەمەزاندا ، ئایا ئەمانە ڕۆژووەکەیان دروستە و تەواوە ؟**

---

[٣] الفتاوى لابن العثيمين ـ كتاب الدعوة : (١ / ١٥٦ ـ ١٥٧) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٣) .

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (إذا كان المُؤَذِّنُ يؤذن على طلوع الفجر يقيناً فإنَّهُ يجب الإمساك من حين يسمع المُؤَذِّن فلا يأكل و يشرب .

أمَّا إذا كان يؤذن عند طلوع الفجر ظنَّاً  يقيناً كما **هو الواقع في هذه الأيام** فإنَّهُ له أن يأكل ويشرب إلى أنْ ينتهي المُؤَذِّنُ من الأذان) .

**واتە : ئەگەر بانگدەر بە پێی دەرکەوتنی فەجر بە دڵنیاییەوە بانگ بدات ئەوا خۆگرتنەوە لە خواردن واجب و پێویستە لەو کاتەوە کەوا گوێی لە بانگدەر دەبێت ، نابێت خواردن بخوات یان خواردنەوە بخواتەوە .**

**بەڵام ئەگەر بانگدەر بە گومانەوە لە کاتی دەرکەوتنی فەجردا نەك بە دڵنیاییەوە بانگ بدات وەکو چۆن لەم ڕۆژگارەدا ئەمە لە واقعدا وایە ئەوا بۆی هەیە بخوات و بیشخواتەوە تاوەکو بانگدەر لە بانگەکەی دەبێتەوە.**

**پ ٤ / وە پرسیار کراوە لە** (الشيخ محمد بن صالح العثيمين ـ رحمه الله ـ)[٤] :

هل يلزم الصائم أنْ يمسك من حين يسمع النداء أو إلى أنْ ينتهي المؤذِّن ؟

**واتە : ئایا پێویستە لە سەر ڕۆژووان خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە لەو کاتەوە کەوا گوێی لە بانگ دەبێت یان تاوەکو بانگدەر کۆتایی پێدێنێت ؟**

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (جوابنا على هذا السُّؤال الذي يقول فيه صاحبه أنْ يمسك من حين يسمع المؤذِّن مؤذن الفجر أو يجوز لهُ أنْ يأكل ويشرب حتَّى ينتهي من الأذان ، جوابنا على هذا أنْ نقول :

---

[٤] فتاوى الشيخ محمد بن صالح العثيمين : (١ / ٥٣٣) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٤ ـ ٢٠٥) .

أيُّها السائل **إنَّ الحكمَ لَمْ يجعل مرتباً على الأذان بل هو مرتب على طلوع الفجر** فمتى طلع الفجر وجبَ على المرءِ الإمساك سواء أذَّن أو لم يُؤذِّن، ولو لم يطلع الفجر فإنَّهُ لا يجب الإمساك سواء أذَّن أو لم يُؤذِّن لقولهِ تعالى: ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ **حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ** لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ ﴿١٨٧﴾﴾ [سورة البقرة] .

وفي قوله تعالى ﴿**حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ**﴾ دليلٌ على أنَّهُ يجوز للمرءِ أنْ يأكل ويشرب مع الشَّك في طلوع الفجر ، وذلك لأنَّ الأصلَ بقاءُ اللَّيل وما كان هو الأصل فإنَّهُ لا ينتقل عنهُ إلاَّ بيقين ، وإذا عُلِمَ أنَّ المؤذِّن لا يُؤذِّن إلاَّ حينما يطلع الفجر فعليهِ أنْ يَمسك بمجرد سماعهِ لقول النبي ﷺ : ((كُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُؤَذِّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ ، فَإِنَّهُ لاَ يُؤَذِّنُ حَتَّى يَطْلُعَ الْفَجْرُ)) .

وعلى هذا إذا علمتَ أنَّ المؤذِّنَ حَريصٌ على مُراقبة الوقت وأنَّهُ لا يتسرع فإنَّهُ يجب عليكَ بمجرد سماعهِ أنْ تُمسِكَ ، أمَّا إذا كنت تَشُكُّ في هذا الأمر فإنَّهُ يجوز لكَ أنْ تأكل وتشرب) .

**واتە : وەڵاممان بۆ ئەم پرسیارە کەوا خاوەنەکەی تێیدا دەڵێت : خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە لەو کاتەوە کەوا گوێی لە بانگدەری فەجر دەبێت یان دروستە بۆی بخوات و بخواتەوە تاوەکو کۆتایی بە بانگەکە دێنێت ؟**

**وەڵاممان بۆ ئەمە ئەوەیە کەوا بڵێین : ئەی پرسیارکار ئەو حوکمە ڕێکنەخراوە لەسەر بانگدان بەڵکو ڕێکخراوە لەسەر دەرکەوتنی فەجر ، جا هەر کاتێك فەجر دەرکەوت ئەوا واجب و پێویستە لە سەر موسڵمان کەوا خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە چ بانگی دابێت یان بانگی نەدابێت یەکسانە ، وە ئەگەر فەجر دەرنەکەوتبێ ئەوا خۆگرتنەوە واجب و پێویست نییە چ بانگی دابێت یان بانگی نەدابێت یەکسانە ، لە بەر فەرمایشتی خوای گەورە :** ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ ﴿١٨٧﴾﴾ .

واتە: بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سپیایـی ڕۆژتان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە تاریکی شەو لە بەرەبەیاندا ، ئەنجا ڕۆژووەکەتان بە تەواوی بگرن تا شەو (واتە: تا کاتی خۆر ئاوا بوون کە سەرەتای دەست پێکردنی شەوە).

لەم فەرمایشتەدا ﴿حَتَّى يَتَبَيَّنَ﴾ واتە: [تاوەکو بۆتان ڕوون دەبێتەوە] بەڵگەی تێدایە لە سەر ئەوەی کەوا دروستە بۆ موسڵمان خواردن بخوات و خواردنەوەش بخواتەوە لە کاتێکدا کەوا گومانی هەیە لە دەرکەوتنی فەجردا ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەوا ئەصل و بنەوا ئەوەیە کە هێشتا شەو ماویەتی ، وە ئەوەش کە ئەصل بێت خۆتی لێناگوێزێتەوە ئیللا بە دڵنیایی نەبێت ، وە ئەگەر زانرا ئەم بانگدەرە بانگ نادات ئیللا لە کاتێکدا نەبێت کەوا فەجر دەرکەوتووە ئەوا پێویستە لە سەری خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە لە گەڵ بیستنی بانگەکەدا ، ئەمەش لە بەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : (بیلال لە شەودا بانگ دەدات ، جا ئێوە بخۆن و بخۆنەوە تا (ابن أم مكتوم) بانگ دەدات ، چوونکە ئەو بانگ نادات تاوەکو فەجر دەرنەکەوێت) .

بە پێی ئەمە ئەگەر زانیت کەوا بانگدەر سوورە لە سەر چاودێری کردنی کاتی پارشێو و پەلە ناکات ئەوا واجب و پێویستە لە سەرت کە خۆت بگریتەوە ، بەڵام ئەگەر گومانت هەبوو لەمەدا ئەوا دروستە بۆت خواردن بخۆیت و خواردنەوەش بخۆیتەوە.

**پ٥ / وە پرسیار کراوە لە** (الشيخ محمد بن صالح العثيمين ـ رحمه الله ـ)[٥] :

ما حكمُ الأكل والشرب والمؤذن يؤذن أو بعد الأذان بوقتٍ يسير ولا سيما إذا لَمْ يُعلم طلوع الفجر تحديداً ؟

[٥] الفتاوى لابن العثيمين ـ كتاب الدعوة : (١ / ١٤٦ ـ ١٤٨) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٥ ـ ٢٠٦) .

**واتە : ئایا حوکمی خواردن و خواردنەوە چی‌یە لە کاتێکدا کەوا بانگدەر بانگ دەدات یان دوای بانگ بە کاتێکی کەم ، بە تایبەت ئەگەر نەزانیت فەجر دەرکەوتووە بە ڕێکی ؟**

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (الحد الفاصل الذي يمنع الصائم من الأكل والشرب هو طلوع الفجر لقول الله تعالى : ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشۡرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِ ۝١٨٧﴾ ، ولقول النبي ﷺ : ((فكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُؤَذِّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ ، فَإِنَّهُ لاَ يُؤَذِّنُ حَتَّى يَطْلُعَ الفَجْرُ)) .

**فالعِبرَةُ بطلوع الفجر** ، فإذا كان المؤذن ثقة ويقول إنَّهُ لا يُؤذِّن حتى يطلع الفجر لإنَّهُ إذا أَذَّنَ وجبَ الإمساك بمجرد سماع أذانهِ ، وأمَّا إذا كان المؤذِّن يؤذن على التحري فإنَّ الأحوطَ للإنسان أنْ يُمسك عند سماع أذان المؤذِّن ، إلاَّ أنْ يكون في برية ويُشاهد الفجر ، فإنَّهُ **لا يَلزَمهُ الإمساك ولو سَمِعَ الأذان حتى يرى الفجر طالعاً** إذا لم يكن هُناك مانع من رؤيتهِ لأنَّ الله تعالى علَّقَ الحُكمَ على تَبَيُّن الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ، والنبي ﷺ قال في أذان ابن أم مكتوم : ((فَإِنَّهُ لاَ يُؤَذِّنُ حَتَّى يَطْلُعَ الْفَجْرُ)) .

وإنَّني أُنَبِّهُ هنا على مسألة يفعلها بعض المؤذنين وهي أنَّهم يؤذنون قبل الفجر بخمس (٥) دقائق أو أربع (٤) دقائق زعماً منهم أنَّ هذا من باب الاحتياط للصَّوم ، وهذا احتياط نَصِفُهُ بأنَّهُ تنطُّع وليس احتياطاً شرعيَّاً ، وقد قال النبي ﷺ : ((هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُون)) ، وهو احتياط غير صحيح لأنَّهم إنْ احتاطوا للصوم أساؤوا للصلاة ، فإنَّ كثيراً من الناس إذا سَمِعَ المؤذن قام صلَّى الفجر .

<u>وحينئذٍ يكون هذا الذي قام على سماع أذان المؤذِّن الذي أَذَّنَ قبل صلاة الفجر يكون قد صلَّى الصلاةَ قبل وقتها</u> ، **والصلاةُ قبل وقتها لا تصحُّ وفي هذا إساءةٌ للمُصلين** ، ثُمَّ إنَّهُ فيهِ إساءة إلى الصائمين لأنَّهُ يمنع من أراد الصيام **من تناول الأكل والشرب مع إباحة الله لهُ ذلك** ، فيكون جانياً على الصائمين حيث منعهم ما أحلَّ الله لهم ، وعلى المصلين حيث صلُّوا قبل دخول الوقت ، **وذلك مُبطِل لصلاتهم** .

فعلى المؤذِّن أنْ يتقيَ الله عزَّ وجل وأنْ يمشي في تحريهِ للصواب على ما دلَّ عليهِ الكتاب والسنَّة) .

واتە : سنوری جیاکەرەوە کە ڕۆژووان قەدەغە بکات لە خواردن و خواردنەوە بریتیـیە لە دەرکەوتنی فەجر ، لەبەر فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ﴿١٨٧﴾﴾ [سورة البقرة] .

واتە : بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سپیایی ڕۆژتان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە تاریکی شەو لە بەرەبەیاندا ، وە لەبەر فەرمایشتنی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : (بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو (ابن أم مکتوم) بانگ دەدات ، چوونکە ئەو بانگ نادات تاوەکو فەجر دەرنەکەوێت) .

پەند و عیبرەت لە دەرکەوتنی فەجردایە ، جا ئەگەر بانگدەرەکە متمانەپێکراو بێت و بڵێت من بانگ نادەم تاوەکو فەجر دەردەکەوێت ئەو کاتە ئەگەر بانگیدا ئەوا خۆگرتنەوە واجب و پێویستە تەنها بە بیستنی بانگدانەکەی ، بەڵام ئەگەر بانگدەرەکە بانگ بدات بە پشت بەستن بە دواداگەڕان ، ئەوا خۆپاراستن و ئیحتیاط بۆ مرۆڤ لەوەدایە کەوا خۆی بگرێتەوە لە کاتی بیستنی بانگی بانگدەردا ، ئیللا مەگەر لە دەشتاییەکدا بێت و **خۆی فەجر ببینێت** ئەو کاتە پێویست نییە لە سەری خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە ئەگەر چی گوێشی لە بانگ بێت تاوەکو دەبینێت فەجر دەرکەوتووە ئەگەر لەو شوێنەدا هیچ بەربەستێك نەبێتە ڕێگر لە بینینی فەجردا چوونکە خوای گەورە حوکمەکەی پەیوەست کردووە بە ڕوون بوونەوەی سپیایی بەرەبەیان لە تاریکی شەو لە کاتی فەجردا ، وە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە بانگەکەی (ابن أم مکتوم) فەرموویەتی : (ئەو بانگ نادات تاوەکو فەجر دەرنەکەوێت) .

لێرەدا من تێبینییەك دەدەم سەبارەت بە مەسەلەیەك کەوا هەندێك لە بانگدەرەکان ئەنجامی دەدەن کە ئەویش بریتیـیە لەوەی کە ئەوان پێش فەجر بە (٥) پێنج دەقیقە یان

(٤) چوار دەقیـــقە بانگ دەدەن بەو بۆچوونەی کە ئەمە لە بابەتی خۆپاراستن و ئیحتیاطدایە بۆ ڕۆژوو .

ئا ئەم خۆپاراستن و ئیحتیاطـە ئێمە وەصفی دەکەین بە زیادەڕەووی نەك بە خۆپاراستن و ئیحتیاطێکی شەرعی! وە پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: ((هلكَ المُتَنطِّعون)) [واتە: ئەوانەی کە زیادەڕەووی دەکەن تیاچوون و فەوتاوون] .. ئەوە خۆپاراستن و ئیحتیاطێکی ناڕاستە چوونکە ئەوانە ئەگەر خۆپاراستن و ئیحتیاطیان کردبێت بۆ ڕۆژوو ئەوا **خراپیان ئەنجامداوە دەرحەق بە نوێژ** .. لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەگەر گوێیان لە بانگدەر بێت هەڵدەسێت و (نوێژی فەجر) (واتە : نوێژی بەیانی) ئەنجام دەدات .

لەم کاتەدا ئەو کەسەی کە هەستاوە بۆ نوێژ بە پشت بەستن بە بیستنی بانگی ئەو بانگدەرەی کە پێش نوێژی فەجر بانگی داوە ئەو کەسە نوێژەکەی ئەنجام داوە پێش ئەوەی کاتەکەی هاتبێت ، وە نوێژ کردنیش پێش هاتنی کاتەکەی دروست نییە و ئەمەش خراپی تێدایە بۆ نوێژگەران ، ئەنجا هەروەها خراپیشی تێدایە بۆ ڕۆژووانان چوونکە ڕێگری دەکات لەو کەسانەی کە دەیانەوێت ڕۆژوو بگرن لەوەی کە بخۆن و بخۆنەوە لە کاتێکدا کە خوا ئەمەی بۆ حەلاڵ کردوون ، ئەو بانگدەرە تاوانی کردووە دەرحەق بە ڕۆژووانان چوونکە ئەوەی لـێ قەدەغە و مەنع کردوون کەوا خوا بۆی حەلاڵ کردوون ، هەروەها دەرحەق بە نوێژگەرانیش چوونکە پێش چوونە ناو کاتی نوێژەوە نوێژەکانیان ئەنجامداوە ، **وە ئەمەش دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی نوێژەکانیان** .

بۆیە پێویستە لە سەر بانگدەر کەوا لە خوای گەورە بترسێت و لە بەدواداگەڕانیدا بۆ ڕاستی لە سەر ئەوە بڕوات کە قورئان و سوننەت بەڵگەن لە سەری .

پ ٦ / وە پرسیار کراوە لە (لیجنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان)[٦] :

يقول الرسول ﷺ : ((إِذَا غَابَتِ الشَّمْسُ مِنْ هَا هُنَا . يعني المغرب . وطلع الليلُ من ها هنا . يعني المشرق . فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ)) أو كما قال ﷺ ، واتضح لنا بعد التبيان أنَّ الشمسَ تغيب حقيقةً وبعدها بخمس (٥) أو بسبع (٧) دقائق يؤذن المؤذِّن للإفطار على "ميقات العجيري" في الكويت ، **فهل يجوز الإفطار قبل المؤذن وبعد التحقق من مغيب الشمس ؟**

واتە : پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکی (صەحیح)دا فەرموویەتی : (ئەگەر خۆر لێرەوە ئاوا بوو ـ یەعنی لە بەرەی ڕۆژئاواوە ـ وە لێرەشەوە شەو دەرکەوت ـ یەعنی لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە ـ ئەوا ڕۆژووان ڕۆژووەکەی دەشکێنێت) ، یان وەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، وە بۆمان دەرکەوت دوای ڕوون بوونەوە کەوا خۆر بە ڕاستی ئاوا بووە، وە دوای ئەوە بە (٥) پێنج دەقیقە یان بە (٧) حەوت دەقیقە بانگدەر بانگدەدات بۆ بەربانگ کردن بە پێی (کاتژمێری العجيري) لە (کوێت) ، **ئایا بەربانگ کردن پێش بانگی بانگدەر دروستە ئەمە لە دوای بەڕاستی گەیشـــــتن (دڵنیا بوون) لە خۆر ئاوا بوون ؟**

* **(لیجنەی هەمیشەیی ...)ش لە وەڵامدا فەرموویەتی** : (إذا تحقق الصَّائمُ غروبَ الشمس وإقبال اللَّيل فقد حلَّ لهُ الفطر ، قال تعالى : ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ ﴿١٨٧﴾﴾ [البقرة] ، وقال ﷺ : ((إِذَا أَقْبَلَ اللَّيْلُ مِنْ هَا هُنَا ، وَأَدْبَرَ النَّهَارُ مِنْ هَا هُنَا ، وَغَرَبَتِ الشَّمْسُ ، فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ)) ، متفقٌ على صحتهِ ، وبذلك يُعلم أنَّهُ لا يعتبر ما خالفَ ذلك من التقاويم كما أنَّهُ **لا يشترط سَماع الأذان بعد تحقيق غروب الشمس** . وبالله التوفيق ، وصلَّى الله على نبينا محمد وآلهِ وصحبه وسلم) .

---

[٦] فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ، (الشيخ : عبد الله بن قعود وعبد الله غديان وعبد الرزاق عفيفي وبرئاسة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز) ، فتوى الرقم : (٩٢٤٨) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٨ - ٢٠٩) .

واتە : ئەگەر ڕۆژووان بەحەق گەیشت (واتە : دڵنیا بوو) لە خۆر ئاوا بوون و هاتنی شەو ئەوا دروست و حەلاڵە بۆی بەربانگ بکات ، خوا فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِ﴾ واتە: ئەنجا ڕۆژووەکەتان بە تەواوی بگرن تا شەو (واتە : تا کاتی خۆر ئاوا بوون کە سەرەتای دەست پێکردنی شەوە).

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ئەگەر شەو لێرەوە داهات و ڕۆژیش لێرەوە پشتی هەڵکرد و خۆر ئاوا بوو ئەوا ڕۆژووان ڕۆژووەکەی دەشکێنێت) .

بەمەوە دەزانرێت کەوا ئیعتبار ناکرێت بۆ ئەو کاتژمێرانەی کە پێچەوانەی ئەوەن ، هەروەها **بیستنی بانگیش مەرج نی یە بۆ بەربانگ کردن دوای دڵنیا بوون لە خۆر ئاوا بوون**.

پ ٧ / وە پرسیار کراوە لە (شیخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله) سەبارەت بە خۆر ئاوابوون[٧] :

هل يجوز للصائم أنْ يُفطر بمجرد غروبها ؟

واتە : **ئایا دروستە بۆ ڕۆژووان کە تەنها بە خۆر ئاوا بوون بەربانگ بکاتەوە؟**

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی** : (إذا غابَ جميع القرص أفطر الصائم ، و عِبرَة بالحُمرة الشديدة الباقية في الأُفق .

وإذا غاب جميع القرص ظهر السّواد من المشرق ، كما قال النبي ﷺ : ((إِذَا أَقْبَلَ اللَّيْلُ مِنْ هَا هُنَا ، وَأَدْبَرَ النَّهَارُ مِنْ هَا هُنَا ، وَغَرَبَتِ الشَّمْسُ ، فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ)) ) .

---

[٧] مجموع فتاوى شيخ الإسلام ابن تيمية : (٢٥ / ٢١٥ ـ ٢١٦) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٩) .

واته : ئەگەر هەموو بازنەی خۆر (جميع قرص الشمس) دیارنەما و ئاوابوو ئەوا ڕۆژووان بەربانگ دەكاتەوە ، وە هیچ ئیعتبارێك نییە بۆ ئەو سووراییە تووندەی كە دەمێنێتەوە لە ئاسۆدا .

وە ئەگەر هەموو بازنەی خۆر دیار نەمێنێت و ئاوا ببێت ئەوا لە ڕۆژهەڵاتەوە تارماییەك دەردەكەوێت ، هەروەكو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (ئەگەر شەو لێرەوە داهات و ڕۆژیش لێرەوە پشتی هەڵكرد و خۆر ئاوا بوو ئەوا ڕۆژووان ڕۆژووەكەی دەشكێنێت) .

* وە (الشیخ محمد ناصر الدین الألباني رحمه الله) فەرموویەتی[٨] :

(أنَّ أذان الفجر في بعض البلاد العربية يُرفع قبل الفجر الصادق بزمن يتراوح بين **العشرين والثلاثين دقيقة** ، أي قبل الفجر الكاذب أيضاً !

وكثيراً ما سمعت إقامة صلاة الفجر من بعض المساجد مع طلوع الفجر الصادق ، **وهم يؤذنون قبلها بنحو نصف ساعة** ، وعلى ذلك فقد صلوا سنة الفجر قبل وقتها ، وقد يستعجلون بأداء الفريضة أيضاً قبل وقتها في شهر رمضان ، كما سمعته من إذاعة دمشق وأنا أتسحر رمضان الماضي ( ١٤٠٦ ) .

وفي ذلك تضييق على الناس بالتعجيل بالإمساك عن الطعام ، وتعرض لصلاة الفجر للبطلان ، وما ذلك إلا بسبب اعتمادهم على التوقيت الفلكي ، وإعراضهم عن الطريق الشرعي : ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ ، ((وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَعْتَرِضَ لَكُمُ الأَحْمَرُ)) ، وهذه ذكرى ، والذكرى تنفع المؤمنين) .

واته : (بانگی بەیانیان (أذان الفجر) لە هەندێك لە وڵاتە عەرەبیيەكاندا بەرزدەكرێتەوە پێش (فەجری ڕاستگۆ) بە كاتێك كە دێت و دەڕوات لە نێوان (٢٠) بیست تاوەكو (٣٠) سی

[٨] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٥ / ٥١ ـ ٥٢) .

دەقیقەدا ، واتە پێش (درۆزنە فەجریش) بە هەمان شێوە ! وە زۆر جارێك من گوێم لە قامەت بووە بۆ نوێژی فەجر لە هەندێك لە مزگەوتەکانەوە لەگەڵ دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ)دا ، لە کاتێکدا کە بە نیو سەعات (٣٠ / د) پێش ئەوە بانگیان داوە ، وە بە پێی ئەمە سوننەتی فەجریان پێش هاتنی کاتەکەی کردووە ، وە زۆر جارێك پەلەش دەکەن لە جێبەجێکردنی نوێژە فەرزەکەشدا بە هەمان شێوە پێش هاتنی کاتەکەی لە مانگی ڕەمەزاندا ، وەکو خۆم بیستومە لە (إذاعة دمشق)ەوە لە کاتێکدا کە پارشێوم دەکرد لە ڕەمەزانی ڕابردوودا (١٤٠٦) ، وە ئەمەش تەنگ پێهەڵچنینی تێدایە لەسەر خەڵك بە پەلە کردن لە خۆگرتنەوە لە خواردن ، وە **نوێژی فەجریش دەخاتە بەر بەتاڵبوونەوە** ، وە ئەمەش بە هیچ هۆیەکەوە نییە ئیللا بە هۆی پشت بەستنەوە نەبێت لەسەر (کاتژمێری فەلەکی) و پشت هەڵکردن لە ڕێگا شەرعییەکە : ﴿بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سپیایی ڕۆژتان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە تاریکی شەو لە بەرەبەیاندا﴾، ((وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَعْتَرِضَ لَكُمُ الأَحْمَرُ)) [واتە: بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سووراییی بەرەبەیان دێتە ڕێتان] .

* **هەروەها** (الشيخ محمد ناصر الدين الألباني رحمه الله) **لە فقهی فەرموودەی** ((الفجرُ فجران ...))**دا فەرموویەتی**[٩] :

(قلتُ : ومن تراجم البيهقي لهذا الحديث قوله : (باب إعادة صلاة من افتتحها قبل طلوع الفجر الآخر) .

وفيه تنبيهٌ هام إلى وجوب أداء الصلاة بعد طلوع الفجر الصادق ، وهذا ما أخل بهِ المؤذنون في كثير من العواصم ـ منها عمان ـ فإنَّ الأذان الموحد فيها يُرفع **قبل الفجر** بنحو **نصف ساعة** بناءً على التوقيت

(٩) سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٢ / ٣٠٨ ـ ٣٠٩) .

الفلكي ، وهو خطأ ثابت بالمشاهدة ! وكذلك في كثير من البلاد الأخرى كدمشق والجزائر والمغرب والكويت والمدينة والطائف ، والله المستعان) .

**واتە : دەڵێم : لە سەرباس و پێناسەکانی** (البيهقي)**دا بۆ ئەم فەرموودەیە ووتەکەیەتی : (بابەتی دووبارەکردنەوەی نوێژی ئەو کەسەی کە پێش دەرکەوتنی فەجری دووەم دەستی پێدەکات) ، ئەمە بیرخستنەوەیەکی گرنگی تێدایە بۆ واجبێتی ئەنجامدانی نوێژی بەیانیان دوای دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ) ، وە ئەمەش ئەوەیە کە پشت گوێ خراوە لە لایەن بانگدەرەکانەوە لە زۆربەی پایتەختەکاندا ـ وەك عەمان ـ چونکە بانگی یەکگرتو** (الأذان الموحد) **تێیدا بەرز دەکرێتەوە پێش فەجر بە نزیکەی نیو سەعات (٣٠ / د) بە پشت بەستن بە (کاتژمێری فەلەکی) ، وە ئەمەش هەڵەیەکی سەلمێنراوە بە بینین ! هەروەها بە هەمان شێوە لە زۆربەی وڵاتانی تردا وەکو** (دمشق والجزائر والمغرب والكويت والمدينة والطائف) ، **خواش یارمەتیدەرە !**

* **هەروەها** (الشيخ محمد بن صالح العثيمين ـ رحمه الله ـ) **لە شەرحی فەرموودەی :** ((أيُّ الأعمال أفضل؟ قال : الصلاةُ على وقتها)) **[واتە : ئایا چ کردەوەیەك باشترە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئەنجامدانی نوێژ لە کاتی خۆیدا] فەرموویەتی**[١٠] :

(بالنسبة لصلاة الفجر المعروف أنَّ التوقيت الذي يعرفهُ الناس الآن ليس بصحيح .

فالتوقيت مُقدَّمٌ على الوقت بخمس (٥) دقائق على أقل تقدير ، وبعض الإخوان خرجوا إلى البَّر ، فوجدوا أنَّ الفرقَ بين التوقيت الذي بأيدي الناس وبين طلوع الفجر نحو ثلث ساعة [٢٠ دقيقة] ، فالمسألة خطيرةٌ جداً .

[١٠] شرح رياض الصالحين لابن العثيمين : (٣ / ١٦٧) .

ولهذا لا ينبغي للإنسان في صلاة الفجر أنْ يُبادر في إقامة الصلاة ، **وليتأخر ثلث ساعة** [٢٠ **دقيقة**] **أو** (٢٥) **دقيقة** ، حتى يتيقن أنَّ الفجرَ قد حضر وقتهُ) .

واتە : سەبارەت بە نوێژی فەجری ناسراوەوە: ئەو کاتەی کەوا ئێستا خەڵك دەیزانێت ڕاست و دروست نییە ! کاتە دانراوەکە پێش خراوە بە سەر کاتی نوێژدا بە (٥) دەقیقە بە لایەنی کەمەوە ، وە هەندێك لە برایان دەرچوون بۆ دەرەوەی شار و بینیویانە کەوا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو کاتەی کە لە بەر دەستی خەڵکەوەیە لە گەڵ (دەرکەوتنی فەجر)دا بە نزیکەی (٢٠ / د) سێیەکی سەعاتێك ، جا ئەم مەسەلەیە زۆر ترسناکە .

بۆیە لایەق نییە بۆ مرۆڤ پەلە بکات لە نوێژی فەجردا لە دابەستنی نوێژەکەدا ، وە با (٢٠ / د) سێیەکی سەعاتێك دوای بخات ، یان (٢٥) دەقیقە ، تاوەکو دڵنیا دەبێت کەوا کاتی فەجر ئامادە بووە).

* وە (الشيخ محمد ناصر الدين الألباني رحمه الله) **لە سوودی ئەم فەرموودەیەدا** ((كان النبي (ﷺ) إذا كان صائماً أمرَ رجلاً فأوفى على نَشَزٍ ، فإذا قال : قد غابتِ الشمسُ أفطرَ))* [**واتە : پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر بە ڕۆژوو بووایە ، فەرمانی بە پیاوێك لە صەحابە دەکرد بچێتە سەر شتێکی بەرز ، جا ئەگەر بیوتایە : خۆر ئاوا بووە و بازنەی خۆر دیار نەما ، پێغەمبەر (ﷺ) بەربانگی دەکرد] فەرموویەتی**[١١] :

* صحيح ابن خزيمة رقم: (٢٠٦١)، والسلسلة الصحيحة رقم : (٢٠٨١) .

[١١] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٥ / ١١٨) .

(وفي الحديث اهتمامهُ (ﷺ) بالتعجيل بالإفطار بعد أنْ يتأكد (ﷺ) من غُروب الشمس ، فيأمرُ مَنْ يعلو مكاناً مُرتفعاً ، فيُخبرهُ بغروب الشمس ليفطر (ﷺ) ، وما ذلك منهُ إلَّا تحقيقاً منهُ لقولهِ (ﷺ) : " لا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ " وهو مُخَرَّجٌ في ((الإرواء)) رقم : (٩١٧) .

وإنَّ من المؤسف حَقَّاً أنّنا نرى الناس اليوم قد خالفوا هذه السنة ،

**فإنَّ الكثيرين منهم يرونَ غُروب الشمس بأعينهم ومع ذلك لا يُفطرون حتَّى يسمعون أذانَ البلد ،** جاهلين :

أولاً : أنَّهُ لا يُؤَذَّنُ فيهِ على رؤية الغروب ، وإنَّما على التوقيت الفلكي .

وثانياً : أنَّ البلد الواحد قد يَختلف فيه الغروب من موضع إلى لآخر بسبب الجبال والوديان، فرأينا ناساً لا يُفطرون وقد رأوا الغروب ! وآخرين يفطرون والشمسُ باديةٌ لمْ تَغرُبْ ، لأنَّهم سمعوا الأذان ! والله المستعان) .

**واتە : لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت : کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند گرنگی داوە بە پەلە کردن لە بەربانگدا دوای ئەوەی کە دڵنیا دەبوو لە خۆر ئاوا بوون ، جا فەرمانی دەکرد بە کەسێك بچێتە سەر شوێنێکی بەرز ، بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە لە خۆر ئاوا بوون بۆ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بەربانگ بکات ، وە ئەمەش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) تەنها لە بەر جێبەجێکردنی ئەو ووتەیەی بووە کە فەرموویەتی : ((لا یَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ)) واتە : بەردەوام خەڵك لە خەیردایە تا ئەو کاتەی کە پەلە دەکەن لە بەربانگ کردنیاندا.**

**وە بە ڕاستی جێگەی داخە کە دەبینین ئەمڕۆ خەڵکی سەرپێچی ئەم سوننەتە دەکەن ، چونکە زۆرێك لەو خەڵکانە خۆر ئاوا بوون دەبینن بە چاوی خۆیان کە چی لە گەڵ ئەوەشدا بەربانگ ناکەنەوە تا گوێیان لە بانگی ووڵات دەبێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانە**

نەزانن بە دوو شت : یەکەم : ئەو بانگەی کە دەدرێت بە پێی خۆر ئاوا بوون نییە ، بەڵکو بە پێی کاتژمێری فەلەکییە ، دووەم : یەك وولات بە گشتی خۆر ئاوا بوون تێیدا جیاوازە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بە هۆی شاخ و دۆڵەکانەوە ، بۆیە دەبینین خەڵکانێك بەربانگ ناکەن لە کاتێکدا کە بینیویانە خۆر ئاوا بووە ، وە خەڵکانێکی تر هەن بەربانگ دەکەن لە کاتێکدا کە خۆر هێشتا دیارە و ئاوا نەبووە ، لە بەر ئەوەی گوێیان لە بانگ نەبووە [ئەمەش بە نیسبەت ئەو کەسانەوەیە کە چاوەڕوانی بانگی پایتەختی وولات یان بانگی پارێزگا بە سەرتا سەری دەکەن] ، خواش یارمەتی دەرە).

* وە گەورە زانای شافعی مەزهەب (ابن حجر العسقلاني) لە گەورە کتێبی (فتح الباري شرح صحيح البخاري)دا فەرموویەتی[١٢] :

(تَنْبِيهٌ : **مِنْ الْبِدَعِ الْمُنْكَرَةِ** مَا أُحْدِثَ فِي هَذَا الزَّمَانِ مِنْ إِيقَاعِ الْأَذَانِ الثَّانِي قَبْلَ الْفَجْرِ بِنَحْوِ ثُلُثِ سَاعَةٍ فِي رَمَضَانَ ، وَإِطْفَاءِ الْمَصَابِيحِ الَّتِي جُعِلَتْ عَلَامَةً لِتَحْرِيمِ الْأَكْلِ وَالشُّرْبِ عَلَى مَنْ يُرِيدُ الصِّيَامَ زَعْمًا مِمَّنْ أَحْدَثَهُ أَنَّهُ لِلِاحْتِيَاطِ فِي الْعِبَادَةِ وَلَا يَعْلَمُ بِذَلِكَ إِلَّا آحَادُ النَّاسِ ، وَقَدْ جَرَّهُمْ ذَلِكَ إِلَى أَنْ صَارُوا لَا يُؤَذِّنُونَ إِلَّا بَعْدَ الْغُرُوبِ بِدَرَجَةٍ لِتَمْكِينِ الْوَقْتِ زَعَمُوا ، **فَأَخَّرُوا الْفِطْرَ وَعَجَّلُوا السُّحُورَ وَخَالَفُوا السُّنَّةَ** ، فَلِذَلِكَ قَلَّ عَنْهُمْ الْخَيْرُ كَثِيرٌ فِيهِمْ الشَّرُّ ، وَاَللَّهُ الْمُسْتَعَانُ) .

واتە : **یەکێك لەو بیدعە خراپانەی** کە لەم سەردەمەدا* داهێنراوە: ئەنجام دانی بانگی دووەمی بەیانیانە پێش فەجر بە سێیەکی سەعاتێك [واتە : (٢٠) بیست دەقیقە] لە ڕەمەزاندا ، هەروەها کوژاندنەوەی چراکان* کە کراونەتە بەڵگە بۆ قەدەغە کردنی خواردن و

[١٢] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (٤ / ٢٥٣ . ٢٥٤) .

* ئەمە لە سەردەمی (ابن حجر)دا بووە کە لە ساڵی (٧٧٣)ی کۆچی لە دایك بووە و لە ساڵی (٨٥٢)یش مردووە ڕەحمەتی خوای لێبێت .

خواردنەوە لە سەر ئەو کەسەی کە دەیەوێت بە ڕۆژوو بێت ، بە گومانی ئەوانەی کە ئەم بیدعەیەیان داهێناوە کەوا ئەمە (خۆ پارێزی و ئیحتیاط) بوونی تێدایە لە عیبادەتدا ، وە ***کەس نازانێت ئەمە بیدعەیە ئیللا دانە دانەیەك لە خەڵك نەبێت*** ، وە ئەم کارە داهێنراوانە ڕایکێشاون بەرەو لای ئەوەی : کە بانگ نەدەن تا دوای خۆر ئاوا بوون بە ئەندازەیەك بۆ دڵنیابوون لە هاتنی کاتی بەربانگ بە تەواوی بە گومانی بۆگەنی خۆیان ، بۆیە بەمەش : **بەربانگیان دواخست و پەلەشیان کرد لە پارشێو کردندا و پێچەوانەی سوننەت بوونەوە** .

بۆیە دەبینیت چاکە و خێریان تێدا کەمە و خراپەیان تێدا زۆرە ...) .

# ئایا

# کاتی نێوان

# دەرکەوتنی فەجر و خۆر هەڵهاتن

# دیاری کراوە بە

# سەعات و نیوێك ؟

## وەڵامی شوبهەیەك !!!

ئامادەکردنی

محمد عبد الرحمن لطيف

بسم الله الرحمن الرحيم

